ئەنجومەنی قەڵەمی کوردستانی ئێران

# ئێوارەی شار

کۆمەڵە چیرۆک

فەڕۆخ نێعمەتپوور

## ناوەرۆک


| | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | 4 |
| ئێوارەی شار | 11 |
| ژمارە حەوت | 23 |
| قورینگەکان، ئەمساڵ تووڕە بوون! | 32 |
| داخەباران | 39 |
| ئەو شەوە! | 47 |
| زەردەخەم | 55 |
| لە دەرەوەی دەرەوە | 61 |
| با | 68 |
| نامە | 74 |


PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مالئاوا 80
گۆرانی 84
ئاو 87

## مێژوو یان نۆستالژیای دوورەوڵاتی؟

دووپاتبوونەوەی مێژوو لە وێنەی خەیاڵینی منداڵ ــ باوکێکدا کە **م/ ن** بم:

رەنگـە زاڵمانەتـرین خوێـندنەوەی دەقێکـی ئەدەبـی (بەتایـبەت کۆچیـرۆک) خوێندنەوەیەکـی سـەرپێیانە بـێ بـۆ تـرنجاندنە نـاو بابەتـێک بەناوی پێشەکی. بۆوەی زۆربەی پێشەکییەکان هەوڵی ئـەوە ئـەدەن پـیش زەمینەیەکـی(کـە هەڵـبەت بەرهەمـی پـێش زەمینەی نووسەری پێشەکیەکەیە) ئامـادە و حـازرو بـزر بـۆ خوێنەرانـی دیکـەی داهاتـوو سـاز بکـەن و پێش لە خوێندنەوەی دەقەکە بـیکەن بـە قورگـیاندا. ئەمـە نـەک هـەر بـەر بـە ئاوەڵابـوون و کراوەیـی دەق دەگـرێ و هەوڵ ئەدا سەرەگوریـسی مانایـی و بووتیقایـی تێکـست بــەرەو رەهەندێکـی تایـبەت راکێـشێ و مــەودای رەهەندەکانـی دیکـەی لـێ وەرگـرێتەوە، بەڵکوو ئەو زوڵمەش دەرحەق بە خوێنەری مامناوەند دەکا کـە ناهێڵـێ بەشـداری سـازکردنەوەی مانـا و پـێکهاتە و جوانناسی دەقەکە بکا و وەک خوێنەرێکی چالاک هەڵسوکەوتی لەتەکدا بکا.

لـە مـەڕ کۆ چیـرۆکیش دۆخەکـە بەدەیان جار خراپترە، لە بەرئەوەی چەندین چیرۆک بەڕایەک دەئاخنـرێتە نـاو بابەتـێکەوە و هەڵدەشـێلدرێ و هەڵدەوەشـێتەوە. ئەمـە لـە حاڵـێکدایە کـە هـەر چێـرۆکێک دیعایـەی سـەربەخۆیی خـۆی هەیـە و ئەو مافەی دەبێ بدرێتێ کە خوێندنەوەی تایبەت بەخۆی بکرێ و ...

دەی چ کەردەن؟

کە بتهەوێ پێشەکییەک بۆ کۆ چیرۆکێکی باش بنووسی دەبێ چ بکەی؟

بەش بە حاڵی خۆم دوای خوێندنەوەی (ئێوارەی شار) ئەم پرسیارانەم لا سازدەبێ:

لەبـەر چی باوکی کورد لەگەڵ دەیان جار کوژران، ناکوژرێ یان سەرلەنوێ دەبێتەوە بە هەمان پرۆسـەی بـەردەم کوڕان؟ ئەم دووپاتبوونەوە بێکۆتاییە بە کوێ دەگا؟ ئازادی لەم تیکستەدا چۆن مانا بکەینەوە؟ خـودی بـەرنگار، لـەم چیـرۆکەدا دێتەکوێ؟ پـێوەندی بووتیقایی ناوی چیرۆکەکە چیە؟ و.... بـەڵام لـەم دەرفەتـە کەمـەدا ئەمـەوێ لـە کـات، شوێن، کەس، رووداوی چیرۆکەکە و تەبایی بووتیقایی نێوانیان بکۆڵمەوە، بۆوەی نەنووسراوەکانی تێکستەکە زێدەتر بێتە نواندن:

ئـێوارەی شـار بـە رواڵـەت باسـی گەورەبوونـی منداڵـێک لـە بنەماڵەیەکـی قەرەباڵـغدا دەکا. کەسایەتییەکان بریتین لە:

1- **مناڵەکان** کە لە ژێر سێبەری پادگان (سەبازخانەکەدا) یاری دەکەن:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

*" ئەو کۆڵانەی تیا گەورە بووم، لە پشت قوتابخانەیەکەوە بوو کە بەرەو سەربازخانەی شار دیروانی."* دێڕی دەستپێک

2- **باوک** ـــ *"باوکمم بۆ یەکەم جار و دوا جار لە سەر سفرە دەدیت"... "دەچووە ژوورەکەی سەرەوە، ئەو ژوورەی کە بۆ ئێمە قەدەغە بوو." ل 11*

3- **باوەگەورە** ـــ *زۆرترین پەیوەندی هەیە لە گەڵ باوک "باوکم دوای خواردنەوەی چایەک و دوانی تا رادەیەک درێژ لە گەڵ باوەگەورە، دەرۆیشتە ژوورەکەی سەرەوە..." ل 11*

لە خوێندنەوەی دووهەمدا دەردەکەوێ کە ئەوە باوەگەورەیە کە کرداری سەرەکی باوکانەی هەیە: *"تووڕەبوونی باوەگەورەم هەموویانی بێدەنگ کرد" ل 12*

4- **ژنان** ـ *"نەنکم و پوورەکان دەگریان و دایکیشم دەیقیژاند و..." ل 11 و 12*

هەر لە یەکەم خوێندنەوەدا دەتوانین لە بڕی بنەماڵەیەکی قەرەباڵغ، کۆمەڵگای کوردەواری دابنێین و ئەمجار دوو خوێندنەوەی لە سەر بکەین: یەکەم باوکەکان بە کەمترین پەیوەندی لە گەڵ منداڵان (لاوان) و زۆرترین پەیوەندی لە گەڵ باوەگەورە، بەردەوام لە لایەکەوە لە ژێر چاوەدێریی سەبازخانەدان (وەک منداڵ)، لە لایەکی دیکەوە لە ژێر شیری داموکلێسی سێدارەدەدا. ئەو وێنەیەی وەک جەبر سەرەتا باوک و دواتر کوڕەکەی لە بەرانبەریدا دادەنیشێ. ئەمە مەنتقی نیشانە ناسانەی ئێوارەی شارە و لە باری پێکهاتەییەوە بە جوانی داڕێژراوە. خوێندنەوەی دووهەم لە باری پێکهاتەیی و داڕشتخوازییەوە هەوڵدانە بۆ تەبایی یان ناتەبایی نیشانەکان بە پێی خوێندنەوەی یەکەم.

**کات**: ئەلف ـ کۆتایی هاوین، هاتنی پاییز، بەرەو زستان و چلە بچکۆلە وەک کاتی رواڵەتی و دەرەکی ئەم چیرۆکە، کاتێکی مەنتیقییە بۆ رووداوی سەرەکیی چیرۆکەکە. لە سێدارەدانی باوک و لە کایە بڕینەوەی **م/ن** ی داستانیی: *"هاوین بەرەو کۆتایی دەرۆیشت... لەو شەوەوە کە مافی کایە کردنم لێسەنرا" ل 12*

**ب**: **ئێوارە** و **شەو**یش وەک کاتی دەروونی (ناوەکی) یان کاتیک کە رووداوە دەروونیەکانی ناو **م/ن** ی کەسایەتی تێدا روودەدەن، چ وەک واقیع (رئال) و چ وەک رەمز بە جوانی دێنەوە خزمەت پێکهاتەی چیرۆکەکە. چ لەو شەوەدا کە ناوێرێ بچێتە ناو ژوورەکەی باوکی، چ ئەو شەوەی کە هەواڵی هاوردنەوەی باوکی لە سەربازخانەکە دەبیستێ و، چ ئەو شەوەی کە دەچێتە ناو ژوورەکەی باوکی و لەتەکەی دیکەی تەکمیل دەکا و چ...

*"یەکێ لە دوا شەوەکانی کۆتایی ئەو هاوینە بوو..." ل 13* (سنووری نێوان هاوین و پاییز)

*"ئەو رۆژەی باوکمیان تیا ناشت، یەکەم رۆژی وەرزی پاییز بوو" ل 16*

**ئێوارە ß شەو** لە باری نیشانە ناسییەوە دێنەوە سەر هەمان مەدلوولگەل.

**هاوین ß پاییز** بەرەو زستان. واتە چوار دال بۆ مەدلوولێکی بزر لە باری کەش و فەزاوە , وەهماوی و ترسناکە بۆ خولْقاندنی رووداوی دار و تەناف و سێدارە و فەزای دەروونی دوایین شەو. کەوایە کات یان کاتەکانی ئەم چیرۆکە لە باری دارشتنیشەوە لە شوێنی تایبەتی خۆیاندا جێگیرن. کورد گوتەنی موو بە بەینیاندا ناچێ!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**شوێن**: ماڵ، کۆڵان و شاری بەردەم **سەبازخانەکە** وەک شوێنێکی رووالّەتی و ژوورێکی تاریک، یان نیوە تاریکی روو لە مانگە شەو، وەک شوێنی دەروونی و ناوەکی داستانیی و مەیدانێکی بزری خۆلاوی شوێنگەلی چیرۆکەکەن.

*"بای دەمەو پاییز خۆڵی مەیدانەکەی لێرەو لەوێ لوول دەدا و بە حەوایدا دەکرد..."* لا 15

ئەم شوینانە لە گەڵ ئەوەیدا کە دەتوانن وێنەی شارێکی کوردی نیشان بدەن، لە هەمان حالّدا هەر وەک کاتی چیرۆکەکە دەتوانن لە خزمەت خوێندنەوەی لایەنی دووهەمی مانایی و کەش و هەوای سورئالی چیرۆکەکەیش بن.

*"شتێک لە دەروونەوە پێی دەگوتم کە ئەو شوێنانەی ئیستاش نیگای باوکمیان بە سەرەوە ماوە، بە بینینیان دەیانناسمەوە و بۆ خۆیان بانگم دەکەن،... بەڵام نهێنی باوکم لەو ژوورە بوو"* لا 20

بە گشتی کات و شوێن و کەسایەتی لە پێکهاتەی ئێوارەی شاردا لێکموتوربە بوونە بۆ ئەوەی رووداوە دەرەکی(لە سێدارەدانی باوک) و ناوەکیەکان(وەک کێشمەکێشی ژیان و مەرگ لە زەینی **م/ن** ی یەکەمی چیرۆکەکەدا کە **م/ن** ی منداڵ ــ باوکە و وەک شیری دامۆکلێس لە دووایین وێنەی چیرۆکەکەدا دەنوێندرێ) بە جوانترین شێوە بەرجەستە ببێتەوە:

*"لە بەر تریفەی مانگی چواردەی شەوانی چلە بچکۆلەدا ئەو کات کە ئیتر زۆر کەس حسابێکی وا بۆ زستان ناکەن و زۆرتر لە بیری بەهاردان، وێنەی زەردەپەڕێکی ئێوارەی هاوینانم بینی کە سێدارەیەک تێیدا بزر دەبوو و نەدەبوو."* لا 21

کە لە واقیعدا رەنگە یەکێک لە جوانترین دێڕگەلی کۆتایی چیرۆکی کوردی بێت. بۆوەی لەم کۆتاییەدایە کە خۆێنەری چالاک ناچار دەکا بگەڕێتەوە سەر دەستپێکی چیرۆکەکە:

*"ئەو کۆڵانەی تیا گەورە بووم لە پشت قوتابخانەیەکەوە بوو کە بەرەو سەربازخانەی شار دەیڕوانی"* لا 10

ئەوجار دەتوانێ باشتر لە گەمەی زمانیی بە کات، شوێن، کەسایەتی، رووداوی زەینی و دەرەکی ئێوارەی شار تێبگات. لێرەدایە کە رەخنەگر هەست دەکا دەبێ خوێندنەوەیەکی دیکە و گۆشەنیگایەکی دیکە هەڵبژێرێ و سەری بە نووسراوەکانی دیکەی دەقەکەوە قاڵ بکا. بۆوەی باوەگەورە هێشتا ماوە و هەست دەکەی ئەوە باوکەکان نین کە لە "وڵاتی تابۆ" دا بەردەام لە بەرانبەر مەترسیی سێدارەدان، بەڵکو **م/ن** ی منداڵ ـ باوکە، ئەگینا یاسای باوک بەردەوامە.

جا با خوێندنەوەی سێهەم بدەینە دەست خوێنەرانی بەڕێزی کۆچیرۆکی ئێوارەی شار و چیرۆکەکانی دیکەی.

بەو هیوایە!

سالّح سووزەنی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# ئێوارەی شار

ئـەو کـۆڵانەی تیا گـەورە بـووم، لـە پشت قوتابخانەیـەکـەوە بـوو کـە بـەرەو سـەربازخـانـەی شـار دەڕوانـی. سـەربازخانەکە لە ڕۆژئـاوای شاردا بوو. هاوینان، کاتی ئێوارە، لە گەرمەی گەمەی مان و نـەمانـی هـەتـاودا، پادگـان لـە نـاو دەریـای تیشکی زەردو تەمی ڕۆژئـاوادا نوقم دەبوو. ئێمەی منداڵانی گـەڕەکیش کـە لـەم کاتانـەدا زیاتر نوقمی گـەمـەو کایـە دەبـووین، نـەمانـدەزانـی کـە سـەربازخانەکە بۆ ماوەیەک بزر بووە. لە گەڵ ماڵئاوایی یەکجارەکی هەتاو، ئێمەیش بەرە بەرە وەژوور دەکەوتین و بە لەشی ئارەقاوی و تەپ و تۆزاوییەوە، بۆنی ئاشنای ناوماڵمان هەڵدەمژی.

بنەماڵەیەکی قەرەباڵغ بووین. کە کاتی شێو دەهات، باوکمم بۆ یەکەم جار و دواجار لە سەر سفرە دەدیت. پیاوێکی ئارام و بێدەنگ بوو، ئارام نانی دەخوارد و دوای خواردنی چەند چایەک و، دووانێکی تا رادەیەک درێژ لە گەڵ باوەگەورەم، هەڵدەستاو دەڕۆیشتە ژوورەکەی سەرەوە، ئەو ژوورەی کە بۆ ئێمە قەدەغە بوو!

ئـەوەنـدەی لەبیرم دێت، بۆ جارێکیش بێت لە دایکم نەپرسی ئەو ژوورە چییە و چی تێدایە، بەڵام چـەنـد جارێـک بە دزییەوە دوای ئەوەی لەوە دڵنیا دەبووم کە کەس ئاگای لێ نییە، لە درزی لاشیپانی دەرگاکەوە، کە تەنیا دەرفەتی لێڕووانین بوو، لەو ژوورە سیحراوییەم دەڕوانی. لەوێ، تەنیا چاوم لە فـەرشێکی کۆن، کومێدێکی قـەدیمـی و لـەتـەجـەستەیـەکی باوکمەوە بوو، کە دانیشتبوو و لە شتێکی دەڕوانی. وەها کە نەدەبزووت. لەو شێوە دانیشتن و ڕوانینەی دەترسام!

ئیستاش کـە بیر دەکـەمـەوە، بـاوکم هـەر وا دیتە بـەر چـاو:" لەتە پەیکەرێک بە نیگایەکی چەق بەستووەوە."

ڕۆژێک لەو کاتانەدا کە پادگان بزر ببوو و من لە کۆڵان خەریکی کایە کردن بووم، کتوپڕ دەنگی قیژەو هاوارێـک کۆڵانەکـەی تـەنـی. هـەمـوو ڕاوەستـاین. منداڵەکـان لـە منیان ڕوانی و منیش لەوان! هـەڵاتمـە ژوورەوە. نـەنـکـم و پـوورەکـان دەگـریان و دایکیـشم دەیقیـژاند. تـوڕەبوونـی بـاوەگـەورە هەموویانی بێدەنگ کرد.

ئـەو شـەوە نـەمـدەزانـی چـی بـووە و چـی قـەومـاوە. بـەس ئـەوەنـدەم دەزانی کە باوکم نەهاتە سەر سفرەکە. دوواتر دووای ئـەوەی باوەگەورەم بە پێچەوانەی جاران زوو لە ماڵ چووە دەر و ئـەوانی تر بە ئـەسپایی بە کاری ماڵەوە خەریک بوون، چوومە سەرەوە، چوومە بەردەرگای ژوورەکەی باوکم و لە درزەکەوە ڕووانیمە ژوورەوە. تاریک تاریک. لەتەپەیکەرەکەی باوکم لەوێ نەبوو.

کاتـی خـەو، کاتێک لـە نـاو جێگاکەمدا بووم و لە تاریک و ڕوونی ناو ژوورەکەدا هەوڵم دەدا بە ڕووانینـی سـەقفـە گڵێـنـەکـە، رازی نـەهاتـنە دەرەوەی بـاوکم لـە ژوورەکـەی بدۆزمـەوە، یـەکێـک لـە پـوورەکـانم هاتـە ژوورەوە، بـە بێ ئـەوەی گڵۆپەکە هەڵبکا، وەک سێبەرێکی گەورەی تۆخ لێم نزیک بووەوە. پـەیکـەرە ڕەشـەکـە گوتی:" سبەی نەچیتە کۆڵان بۆ کایە، حەیامان دەچێ!". ئـەمـەی گـوت و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چووە دەر. ئیتر زانیم نەمانی گەمەی ناو کۆڵانیش پەیوەندی بە لەتەپەیکەرەکەی ناو ژوورەکەی سەرەوە هەیە.

دایکم ئیستا شەوانە دەگریا. منداڵەکانی بە جوانی دادەپۆشی و تا خەوی لێ دەکەوت چەند جار رادەچڵەکی. هەمیشە لەم کاتانەدا هەوڵم دەدا بیر لەو پشیلە سپیە بکەمەوە کە زۆربەی شەوان بە سەر بانیژەی ئەو بەرەوە بەئەسپایی هەنگاوی دەنا.

هاوین بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت. لەو شەوەوە کە مافی کایە کردنم لێ ئەستێندرا، ئیتر بە ناچاری لە بەر پەنجەرەکە دادەنیشتم و سەیری گەمەی منداڵانی گەڕەکەم دەکرد. رۆژێکیان بە هەڵکەوت زانیم کە سەربازخانەی گەورەی شار ئێواران بزر دەبێ. دۆزینەوەیەکی سەیر بوو. چەند جارێ ویستم لەوێوە، لە پشت پەنجەرەکەوە بە منداڵەکان بڵێم. تەنانەت دەستم هەڵبڕی و پەنجەم بەرەو رۆژئاوای شار راداشت، بەڵام وشەکان لە زارمدا دەخنکان! ئاخر، پادگانێکی لێ نەبوو تا بڵێم کە بزر بووە! ئەو ئێوارە ئاڵتوناوییانە منیشیان لە ناو خۆیاندا ون کرد!

لە ناو منداڵەکاندا کچێکی تیا بوو کە زۆربەی کات دادەنیشت و وەک من سەیری کایەی دەکرد. لەوە پێش قەت پێم نەزانیبوو. جارێکیان لە کاتی هاویشتنەوەی تۆپەکە بۆ منداڵەکان زانیم کە بە ئاستەم دەشەلێ. ئەو لەوبەرەوە و منیش لەم بەرەوە سەیرمان دەکرد. تەنیا جیاوازیمان ئەوە بوو کە ئەو ئاگای لە ئێوارە و سەربازخانەکەی ئەو بەری شار نەبوو. رۆژێکیان بانگم کرد. هاتە بەر پەنجەرەکە. ویستم باسی ئێوارە و ون بوونی بۆ بکەم. کەچی تەنیا گوتم:"دەزانی شتی زۆر گەورەش ون دەبێ؟" بە سەرسووڕماوییەوە سەیری کردم. ویستم دیمەنەکەی ئەوبەری شاری پیشان دەم. بەڵام دیسان لە جیاتی ئەوە وتم:"تازە بە شتێکی ئەم کۆڵانەم زانیوە!" سەرێکی بادا و رۆیشت.

یەکێک لە دوا شەوەکانی کۆتایی ئەو هاوینە بوو. خەریک بوو دەخەوتم. هەر ئەو پوورەم کە وتی کایە عەیبە، هات و گوتی:"سبەی شەو دەچین باوکت لە سەربازخانەکەی شار دەهێنینەوە، ئیتر دەتوانی لە کۆڵان یاری بکەی". زانیم کە باوکم لە هەموو ئەم ماوەیەدا لە ژوورەکەی سەرەوە نەبووە.

ئەم پوورەم گەلێک لە باوکم گەورەتر بوو، کەچی هێشتا شوووی نەکردبوو. باریک و درێژ بوو. هەمیشە لەچکێکی بە توندی لە سەر و ملی خۆی دەهاڵاند. قەت گلەیی و گازندەی نەدەکرد. ئاگای لە هەموو کار و باری ناو ماڵ بوو. جارێکیان کە لە پشت دەرگای ژوورەکەی باوکمەوە خۆم حەشار دابوو و لە درزەکەوە سەیرم دەکرد، بینیم کە لەوێیە. بە باوکمی گوت:" با لەم ماڵە دا هەر منی بێوەژنی تیا بم!" لەتە پەیکەرەکە هیچی نەگوت.

بۆ سبەی عەسر، باوەگەورە و پوورم و حاجیەکی گەڕەک کە زۆر دۆست و نزیکی باوەگەورەم بوو، بەرەو پادگان بەڕێ کەوتن. من کە بە تەمای ئەوە بووم سەرلەبانییەکەی باوکم بێننەوە و ئیتر بتوانم بۆ ئێوارە کایە بکەم، ئەو رۆژەم لە هەموو رۆژەکانی دی دژوارتر لێ دەهاتە بەرچاو. چی بکەم چی نەکەم، بریارم دا بە دزییەوە دووراودوور شوێنیان کەوم. هەرچی دەبێ با ببێ! هێشتا لە سەری کۆڵانەکە، تازە گوزەرابوون کە منیش وەڕێ کەوتم. وەشوێنکەوتنیان ئاسان بوو، چونکە قەت ئاوڕیان نەدایەوە. بەردەوام لە گەڵ یەک قسەیان دەکرد، بە تایبەت باوەگەورەم و حاجیی هاوڕێی. کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گەیشتمە شەقامی سەرەکی شار کە شاری دەکرد بە دوو بەشەوە، بینیم کە خەڵک لێرەو لەوێ خەریکی داخستنی دووکانەکانیانن و بەرەو ڕۆژئاوای شار دەچن. پێم سەیر بوو. ترسام کە لەو سووکە قەرباڵغییەدا ونیان بکەم، بۆیە پێم هەڵگرت و زیاتر خۆم لێیان نزیک کردەوە. گوێم لێ بوو خەڵک باسی سێدارە و کوشتن و شتی لەم بابەتەیان دەکرد. هاتەوە بیرم کە چەند شەو لەوە پێش باوەگەورەم وتی کە کابرایەکی عێراقی کە گوایا جاسووس بووە قەرارە لە پادگان لە بەر چاوی خەڵک ئیعدام بکرێ. ئەو شەوە نە تەنیا سەیری بنمیچەکەم نەکرد، بەڵکو پشیلە سپیەکەشم لە بیر چووەوە. تەنانەت ئاگاشم لە تل دان و هەناسە هەڵکێشانەکانی دایکمەوە نەبوو. تەنیا چاوم توند نوقاند و سەرم کردە ژێر لێفەکەمەوە. ئەو لێفەیەی کە بۆنی خوشک و براکانمی لێدەهات!

ترسام. بڕیاری گەڕانەوەم دا ، بەڵام نەگەڕامەوە. کە گەیشتمە پادگان، لە مەیدانێکی گەورەی تەنیشتی، خەڵکێکی زۆر بە دەوری چەند دارێکدا کە پەتێکیان پێوە هەڵواسرابوو، کۆببوونەوە. ئاگام لێ بوو، دوو کەس بە تفەنگەوە لە تەنیشتیان ڕاوەستابوون. باوەگەورەم و ئەوان دی چوونە بەر دەرگای پادگان. دوای قسە و باس و ڕاوەستانێکی تا ڕادەیەک دوورو درێژ کەسێکی تر هات و بە پاڵەپەستۆ دەری کردن. گوێم لێ بوو کە بە تووڕەییەوە وتی:" بڕۆن جارێکە سەیری ئەو خائینە بکەن ئەوجار وەرنەوە!"

هێشتا نەگەیشتبوونە ناو خەڵکەکە بە پەلە خۆم گەیاندنێ. دەستم خستە ناو دەستی پوورمەوە. بە سەرسامییەوە لێمی ڕووانی. بەڵام هیچی نەگوت. باوەگەورەم ئاوڕی دایەوە، هیچیان نەگوت. بۆ چەند ساتێک هەرهەموویان سەیریان کردم.

خەڵکێکی زۆر و دەنگە دەنگ. بای ئێوارەی دەمەو پاییز، خۆڵی مەیدانەکەی لێرە و لەوێ لوول دەدا و بە حەوایدا دەکرد. کتوپڕ ماشینێک هات. حاجی ئیستا خێراتر تەسبێحەکەی هەڵدەسووڕاند و ورتەی ژێر لێوەکانیشی زۆرتر ببوون. باوەگەورەم بێدەنگ بوو و پووریشم دەستی دەلەرزی. باوەگەورەم وتی:"هەر کە تەواو بوو، دەچین هەڵیدەگرین و لە گاڵ خۆمان دەیبەینەوە، مەئموورەکە بۆ خۆی گوتی!"

ماشینێک هات. چەند چەکدارێک دابەزین و نەفەرێکی تریان دابەزاند. دوور بوو. جگە لەوە تۆز و قەرەباڵغی زۆر دەرفەتی نەدەدا. بەس ئاگام لێ بوو کە حاجی ورتەی نەما. باوەگەورەم هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە نا و پووریشم دەستی لە لەرزین کەوت. باوەگەورەم بەرەو میدانەکە خەڵکەکەی دڕدا و بەرەو ناوەندی مەیدانەکەدەستی کرد بە هەڵاتن. پوورم دەستی بەردام و بە قیژە و گریان ڕۆیشت. حاجی سەرەتا دەنگی دان. بەس دوواتر وازی هێنا و خێرا دەستی منی گرت. ئیتر تەنیا گوێم لە هاوار هاوار بوو، لە مەودای بەینی قاچ و قولەکانیشەوە جار ناجار چاوم لە کێشمەکێش و بێنەو بەرەی ئەوانەی ناو مەیدانەکە بوو. پوورم بە زەحمەتێکی زۆرەوە هێنرایەوە بۆ ناو خەڵکەکە. لەو کاتەدا ئاگام لێ بوو کە هەتاوی ئێوارە دۆڵ و تەپۆڵکە و دارستانەکەی پشت سەربازخانەکەی لە خۆیدا ون کردبوو. بیرم کردەوە کە پادگان قەت ون نەبووە!

ئیتر ژوورەکەی باوکم بۆ هەمیشە داخرا. کلیلەکەی بە دەست پوورەگەورەکەمەوە بوو، بەڵام درزەکە هەر وا مابوو. دوانیوەڕۆیان کە هەتاو ژوورەکەی دەگرتەوەو لە پەردە ئەستوورەکانەوە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەگوزەرا، دەچووم لە درزەکەی جارانەوە سەیرم دەکردەوە. ئیستا ئیتر تەنیا فەرش و کومێدیکە لەوێ بوون. لەتە پەیکەرەکە لە هەتاوی ئێوارانی رۆژئاوای شاردا بزر ببوو.

قەبرستان، بە سەر تەپۆڵکەیەکی ناوەڕاستی شارەوە بوو. ئەو رۆژەی باوکمیان تیا ناشت، یەکەم رۆژی وەرزی پاییز بوو. خەڵکێکی زۆر هاتبوون. ئەگەرچی هاتنی ژنان بۆ سەر قەبران قەدەغە بوو، بەڵام پوورەگەورەکەم هاتبوو. لە هەموو کاتێکی دی دەنگی گرتربوو، توند مەچەکی گرتبووم و لە تەنیشتیەوە رێم دەکرد. بیرم لە ئێوارانی سەر سفرە دەکردەوە. باوکم دیت، بەڵام لە ناو ئێوارە ئاڵتوونیەکانی هاوین بزر دەبوو و پاشان دەهاتەوە. بەردەوام بە ئارامی خەریکی نان خواردن بوو. ویستم بڵێم بابە با تاریک بکا جا دەست بکە بە نان خواردن، ئەم ئێوارە ئاڵتووناویانە ناهێڵن بتبینم. پوورم کتوپڕ مەچەکی گووشیم و رایکێشا. خۆم لە کێلێک لادا. گەیشتینە سەر گۆڕەکە. باوکمیان بزر کرد. پوورم دیسان دەستی گرتم. چووینە ئەو لاوە. لە خەڵکەکە ترازاین. لەوێوە جوان پادگان دیار بوو. ئەوسا هەتاوم دیت کە دادەچوو. دیسان بۆ جارێکی تر زانیم کە زەردەپەڕی ئێوارە پادگان قەت بزر ناکا. دەستم هەڵبڕیو ویستم بە پوورم بڵێم کە ئاها، ئەوەتا...! بەڵام ئەو گوتی:"من وتم بابێیت و ناشتنی باوکت ببینیت. کوڕی گەورە پێویستە ناشتنی باوکی ببینێ، بۆ ئەوەی کە بە تەواوی دڵنیا بێت کە ئیتر باوکی قەت ناگەڕێتەوە". بینیم تا هەتاو زیاتر رۆدەچوو، پادگان جوانتر دەردەکەوت. جارێکی دی مەچەکی گوشیم و گوتی:"ئیتر کایەی ناو کۆڵان تەواو، بۆ هەمیشە تەواو!"

ئیستا ئیتر دایکیشم بە پشیلە سپییەکەی زانیبوو. هەموو شەوێ پێکەوە بە دزیی یەکترەوە چاوەڕوانمان دەکرد. پشیلەکە جاروبار رادەوەستا و بە وردی لە پەنجەرەکانمانی دەڕوانی. وەک بڵێی دەزانێ کە دوو جووت چاو لە تاریکی ناو ژوورەکەوە سەرنجی دەدەنێ. هاتنی پاییز و سارد بوونی هەوا لە هات و چووی شەوانەی نەخستبوو، بەڵام دایکم لەوە بەدووا هەموو شەوێ پەردەکانی دادەدایەوە و ئیتر قەت نەمزانی چ شەوێک لە شەوەکانی ژیان، پشیلەکە وازی لە پیاسەی شەوانی هاوین و پاییز هێنا.

هەموو بەیانییەک زوو لە خەو هەڵدەستام و لە گەڵ باوەگەورەم دەچووم بۆ دووکان. وەرزی دەرس و قوتابخانە بۆ من تەواو ببوو. ئێواران کە دەهاتمەوە، نە منداڵی گەڕەک لە کۆڵان مابوون و نە ئێوارە! ئێستا ئیتر لە سەر سفرەکە لە شوێنی باوکم دادەنیشتم. جارێکیان پوورم گوتی کە وەک باوکم ئارام و لە سەرەخۆ نان دەخۆم. ئەوسا زانیم کە کەسیش نادوێنم.

شەوێک هەستم کرد کە دەبێ بچمە قاتی سەرەوەو بچمە ژوورەکەی باوکم. سەرئەنجام چووم. دەرگاکە داخرابوو. ویستم بیکەمەوە، بەڵام بێ سوود بوو. ویستم پوورم بانگ کەم و بڵێم کە کلیلەکەم بداتێ، بەڵام نەمکرد. چەند شەو دوواتر لە کاتێکدا کە دایکم زۆر لە جاران زیاتر لە ناو جێگاکەیدا تلی‌دەدا، پێم گوت کە پێویستم بە ژوورەکەی سەرەوەیە. دایکم راچەنی. لە ناو تاریکایی ژوورەکەدا رووی لە من کرد. نەمدەبینی، بەڵام دەمزانی چۆنە! گوتی کە ئەو ژوورە بۆ هەمیشە فرامۆش کە! گوتم ئیستاش نەبێ رۆژێک  هەر دەبێ بە هی من، جا هەرچی زووتر باشتر! دایکم بە تورەیەکی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەیرەوە لە کاتێکدا دەنگی خۆی دەخواردەوە، گوتی:" قەت، قەت قەت!"

ئیستا ئیتر دووکانداریێکی باش بووم. باوەگەورەم زۆرم لێ رازی بوو. بەردەوام لە سەر سفرە بە ئارامی نانم دەخوارد و کەسیشم نەدەدواند. دوای شێو لە گەڵ باوەگەورەم بۆ چەند ساتێک دەدوام و ئیتر دەچوومە ژوورەکەی خۆمان. من پێویستم بەوە بوو کە ژوورەکەی سەرەوە ببێ بە هی من. لە ژوورەکەی خۆماندا دادەنیشتم و بە بێ جووڵە لە بەرامبەری خۆم دەڕوانی. رۆژێک هەستم کرد کە دەبێ لە دەرگای ئەم ژوورەشدا درزێک هەبێ. ئا! درزێک بۆ رووانین. هەستام و تاقیم کردەوە. درزێکی تیا بوو. چ رێکەوتێکی سەیر! بەڵام بە راستی رێکەوت بوو؟ لە درزەکەوە هەر ئەو شوێنەی دیار بوو کە منی لێ دادەنیشتم. هەر ئەو قوژبنە بە فەرشێکی کۆنەوەو بە کومێدێکی قەدیمییەوە. رەنگە لەتە پەیکەرەکەی منیش ئیستا دەبێ لەوێ بێت! کتوپڕ ترسێک سەرتاپای داگرتم. دیمەنێکی وا زۆر دوور نیە لە پادگان و لە ئێوارە و لە حەشیمەتێکی زۆر کە بە دەوری سێدارەیەکەوەن. کتوپڕ خۆم بە سەر سێدارەوە بینی. بە چەند چەکدارێک بە دەورمەوە، ئەوجار هەیکەلی ناڕوونی پوورم کە بە شوێن تابووتێکی دیکەوەیە. قیژاندم. گەڕامەوەو بەرەو ژوورە گشتیەکە هەڵاتم. بە بیستنی هاواری من دایکم و ئەوانی دی بە پڕتاو هاتنە دەرەوە. باوەشم بە دایکما کرد و دەستم کرد بە گریان. ئەوجا بۆ یەکەم جار لە ژیانم دا گوتم:"بابە گیان، بابە!"

سبەینێ نەچووم بۆ دووکان. باوەگەورەم وتی با کەمێک بحەسێتەوە و ئاگاتان لێی بێت. ئەو رۆژە چەند جارێک چوومە سەرەوە و لە درزەکەوە سەیری ژوورەکەم کردەوە. جارێکیان کە سەرم بە درگاکەوە نابوو هەستم کرد کە کەسێک لە پشت سەرمەوە راوەستاوە. لام کردەوە. پورم بوو. نیگامان لێک ئاڵا. ویستم بڕۆم. پوورم دەستی هێنا پێشەوە. لە ناو لەپی دەستیا کلیلەکە بوو. ئەو کلیلەی من پێویستم پێی بوو. دەستم بۆ برد. ئیستا ئیتر ئەو دیوی دەرگا کەوتن گەلێک نزیک بوو. باوکم و من لەو دیو دەرگاکەوە دەبووین بە یەک. جەستەی باوکم چاوەڕێ بوو کە من بچم و تیای رابکێشم و ببم بە ئەو یا خود ئەو بە من. ئەوسا ئیتر ئەو بەشانەی تری ژوورەکە، کە لە درزەکەوە مەودای دیتنیان نەبوو. کلیلەکەو پەنجەم لە یەک دران. کلیکێکی سارد لە ناو لەپی گەرمی پوورم دا. دەستم کێشایەوە و هەڵاتمە خوارەوە. لە کاتی هەڵاتن‌دا زانیم کە باوکم لەوێ لە ناو ژوورەکەیدا بە راستی چاوەڕوانمە.

بۆ شەو کە لە ژوورەکەی خۆمان دانیشتبووم، پوورم هات. گوتی کلیلەکەم لە سەر دەرگای ژوورەکە لە قەراغی چاوەیەکی داناوە، هەر کاتێک حەزت کرد بچۆ و هەڵیگرە. نازانم چەندە تێپەڕی، چەند رۆژ، چەند هەفتە، چەند مانگ، یان چەند ساتێک.بەس ئەوەندە دەزانم کە هاتنی زستان‌و بزربوونی زەردەپەڕی ئێوارانی شار، حەزی ژوورەکەی سەرەوەی تیا مراندم. چەند جارێک لە دووکان کاتێک دەورمان چۆڵ دەبوو، ویستم لە باوەگەورەم لەسەر باوکم پرسیار بکەم. هەرچیم کرد نەمتوانی. ترس لە باوەگەورەم یا خود بەزەیی؟ نازانم. لە مێژ بوو دەمزانی ئەو کورسییەی منی لە سەر دادەنیشم، هەر ئەو شوێنەی جارانی باوکمە. هەموو ئەو شت و دیمەنانەی کە لێمەوە دیار بوون هەر ئەوانەی بوون کە باوکم دەیبینین. دەمەویست بە چاوی ئەوەوە سەیریان بکەم. دەمەویست ئەوەیان تیا ببینمەوە کە ئەو بینیبوونی. جارێکیان باوەگەورەم گوتی:"رۆڵە تۆ باش تاقەت دەگری، باوکت زۆر لێرە تاقەتی نەدەگرت، حەجمینی نەبوو." ئەوسا زانیم کە باوکم شوێنی دیکەی هەبووە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەواتە تەنیا ژوورەکەی سەرەوە نەبوو کە من خاوەنی نەبووم، بەڵکو شوێنی دیکەش هەبوو! ویستم بڵێم کوێ، بابە گەورە کوێ؟ بەڵام نەمگوت. دەبا بۆ خۆم ئەو شوێنانە بدۆزمەوە. دەبێ بۆ خۆم بە سەریاندا بکەوم. شتێک لە دەروونەوە پێی دەگوتم کە ئەو شوێنانەی کە ئیستاش نیگای باوکمیان بە سەرەوە ماوە بە بیبینیان دەیانناسمەوە. بۆ خۆیان بانگم دەکەن. چەند جارێک هەوڵم دا لە سەر رێگای ماڵەوە بەرەو دووکان یا خود لە دووکان بەرەو ماڵەوە بیانبینمەوە. بە جوانی و بە وردی لە هەموو شتێک و هەموو شوێنێکم دەڕوانی. لە پەنجەرەکان، لە دەرگاکان، لە سووچی سەر کۆڵانەکان، لە قڵشتی ئەو دیوارانەی کە رەنگە شتێکیان تیا با. بەڵام نە، هەستم دەکرد هیچی ئەمانە شتێکی ئەوتۆم پێ نابەخشن. نهێنی باوکم لەو ژووره بوو. جارێکیان باوەگەورەم گوتی:"نازانم باوکت بۆ لەم چەند ساڵەی دوواییدا وای لێهات، خۆ جاران یەکجار وا بێدەنگ نەبوو."

شەوێکیان درەنگان، لەو کاتانەدا هەموو لە گەرمەی خەودا بوون و دایکیشم لە ئەم شانو شان کردنی شەوانەی کەوتبوو و خەوێکی قووڵ دایگرتبوو، هەستام و بە ئەسپایی چوومە سەرەوە. ماڵەکە بێدەنگ بوو. گڵۆپی هەڵگیرساوی داڵانەکەی خوارەوە بەشی قادرمەکانی دەکرد. تەنانەت بەشی بەردەرگای ژوورەکەی سەرەوەش، بەشی ئەوەندە کە مرۆڤ کلیل و کونە قفڵێک ببینێتەوە. گڵۆپی ژووری پووریشم خامۆش بوو. ئارام دەستم برد و کلیلەکەم بینیەوە، دامگرت، سارد بوو. وەک ئەو رۆژەی دەستی پوورم لە گۆرستان! کلیلەکەم سووڕاند. کردمەوە. سەرمای ژوورەکە باوەشی گرتم و گووشیمی! دەستم برد گڵۆپەکە هەڵکەم. سویچەکەم نەدیتەوە. بە تەنیشت درگاکەوە نەبوو. راوەستام  بۆ ئەوەی چاوم بە تاریکایی ناو ژوورەکە رابێت. دووای تاوێک شتو مەکی ناو ژوورەکە لە بەر چاومدا لە بەر یەک دەکشانەوەو خۆیان دادەڕشت. تاریکیە تۆخ و کاڵەکان لە یەک جیا دەبوونەوە. ئەوسا هەنگاوم هەڵگرتو لە سووچێکی دەستی چەپ، بڕێک واوەتر پەڵەیەکی سپی بچووک سەرنجی راکێشام. ئارام بەرەو لای کشام. دەستم بۆ برد. سویچی گڵۆپی ژوورەکە بوو. دەستم پیا نا. هەڵنەبوو. کتوپڕ ترسێک دای گرتم.هەستم کرد ژوورەکە خۆیم لێ دەشارێتەوە. خۆی بە دەستەوە نادا! بۆ ماوەیەک راوەستام. ئەوسا مانگی چواردەی شەوانی زستان دەرکەوت و رەنگی ژوورەکە تەواو گۆڕا. راوەستام تا مانگ تەواو هەڵبێت. ئەوەندە هەتا ژوورەکە ببێ بە هی من! زەمەن؟ نازانم. ئەوسا پەردەکانم لادا. ژوورەکە؟ جگە لەو سووچەی کە من هەمیشە لە درزەکەوە دەمدیت، دەستێک جێ و بان لە گەڵ تابلۆیەک کە بەرامبەر بە سوچی دانیشتنی باوکم بوو. تابلۆ؟ نا، شتێ بوو وەک تابلۆ. لێی نزیک کەوتمەوە. ئا، تابلۆ! رەنگەکانی ئیستا وەک تارماییەکانی تاوێک لەوە پێشی ناو ژوورەکە لە بەر یەک دەکشانەوەو مەیلی خۆ ئاشکراکردنیان تا دەهات زیادی دەکرد. هەڵم گرت و بردمە بەر پەنجەرەکە. رێک لە بەر تریفە ی مانگی چواردەی شەوانی چلە بچکۆلەدا، ئەو کات کە ئیتر زۆربەی کەس حسابێکی وا بۆ زستان ناکەنو زۆرتر لە بیری بەهاردان، وێنەی زەردەپەڕێکی ئێواری هاوینانم بینی، کە سێدارەیەک تێیدا بزر دەبوو و نەدەبوو.

18.12.2005

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# ژماره حەوت

ئەوەنده لە هاوینی سالی شەست و حەوت تێنەپەڕیبوو، کە ئەو، شەوی سێ جار دەیژماردین. ئا! ڕێک سێ جار. دواتر بە بێ ئەوەی بە ئەنجامێکی خوازراو بگا، دەستی لە ژماردن هەڵدەگرتو دەچوو دەنووست. لە بەر ئەوەی:

- لە یەکەم دەوردا داڵغە لێی دەدا.
- لە دووهەم دەوردا بیری منداڵیی ئەو دەکەوتەوە.
- لە سێهەم دەوریشدا نەیدەزانی کە دوای شەش چ ژمارەیەکە!

کە بۆم گێڕایەوە، کەمێک ڕاما و گوتی: "سەیره! دەی با چوار جار یاخود زیاتر بیژماردبان."

منیش لە وەڵامدا گوتم:

- ئەی نازانی داڵغە لە گەڵ ژمارەکاندایە!
- ئەی نازانی بیری منداڵی واز ناهێنێ!
- ئەی نازانی پیاو کە ژمارەیەکی نەزانی، دەبێ بگەڕێتەوە سەرەتا!

جوان لە بیرم دێ کە چۆن دەیژماردین. ڕادەوەستا تا خەومان لێ دەکەوت (هەڵبەت من هەمیشە لە دوای خۆیشی دەخەوتم). پەنجەی ڕادەداشت و لە گەڵ وتنی هەر ژمارەیەک، لێوە چرچەکانی کۆ دەکردەوەو زمانێکیشی پیا دەهێنان. سەرپۆشە سپییەکەی لە بەر تیشکی بێهێزی زەردی گڵۆپەکەی سەر سەری، لە بەر چاوما ئارام ئارام دەژاکا.

کە بۆم گێڕایەوە، گوتم کە ئێمە تەنیا شەش کەس بووین، نە زیاتر. کەچی ئەو هەمیشە لە دوای شەش ژمارەیەکی تری لە سەر زار بوو. بە دەم پەنجەڕاداشتنەوە بۆ سەر جێگا چۆڵەکەی تەنیشتی من، ژمارەکە لە ناو زاریدا دەژاکا و، حەوتی لە بیر دەچووەوە. گوتی باشە، دڵنیای لەوەی کە حەوت نازانێ؟ منیش لە وەڵامدا گوتم:

- ئەی نازانی ڕۆژانە حەوت جار خۆی بە قوربان دەکردین!
- ئەی نازانی چەندە حەزی لە حەوتەوانە بوو!
- ئەی نازانی ڕۆژی بە حەوت قورئان سوێندی دەخوارد کە قەت ئەوی لە بیر ناچێتەوە!

بەرە بەرە لە جێگا چۆڵەکەی تەنیشتی خۆم دەترسام. تۆ بڵێی کەسێکی لی بێت و من پێی نەزانم؟

خەمێکی قوڵ سەرتاپای داگرتبووم. لە بەر خۆمەوە دەمگوت: "گەر قەرار بێت حەوت بزر بێت،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شەشیش دەتوانێ بزر بێت" شەشیش من بووم!

شەوێکیان ویستم پێی بڵێم کە واز لە ژماردن بێنێ. ویستم بڵێم کە پیاو شتێکی زۆر ژمارد، لە خۆوە کەم دەکا. بەڵام نەمگوت. ئاخر لە کاتی ژماردن دا ئەوەندە وشک و گرژ دیار بوو، کە غیرەتی تیا دەکوشتم. باشە بۆچی رێک لە کاتی نووستن‌دا دەیژماردین؟ پێم وا بێ دەبا بەیانیان زوو ئەم کارەی بکردایە. ئاخر مرۆڤ، ئەو کاتانەی ون دەبێ کە هەموو لە خەودان. ئیتر کەس ئاگای لێ نابێت کێ دێ و کێ دەڕوا. تەنانەت ئەگەر هەموو دەرگا و پەنجەرەکانیشت داخستبێ، هێشتا رێگایەک بۆ دزە کردن هەیە. پەح! وەی لە ماڵ و حاڵی ئێمە و مانانیش، کە نە دیواری لە دیوار دەچێ و نە دەرگا و پەنجەرەیشی لە دەرگا و پەنجەرەی خەڵکی. شتی وا هەموو کەس وەبەر تەماح دەخا کە خۆی تی هاوێ. جا چی لەوە خۆشتر کە ئاوا بە ئاسانی پیاو بتوانێ لە راز و سڕی خەڵکی دیکە تێبگا!

هەموو کەس دەیزانی کە دەمانژمێرێ. هەر لە دراوسێکانەوە بگرە هەتا مامۆستای قوتابخانە. دراوسێکان بەزەییان پێماندا دەهاتەوەو لە کاتی نوێژدا، دوعا و نزایان بۆ دەکردین، مامۆستاکەش ناوچاوی تێک دەنا، لێم رادەما و بیری دەکردەوە. رۆژێکیان لە کاتی وانە گوتنەوەدا بە هەڵکەوت ژمارە حەوتی وەک نموونە لە سەر تەختە رەشەکە نووسی. ژمارەیەکی سپی لە سەر تەختەیەکی رەش. بێ ئۆقرەییەک دایگرتم. گوتی:"وەک دەڵێن لە ئاوی حەوت چەم و حەوت دەریا پەڕییەوە و سنووری حەوت وڵاتیشی بەزاند..." لە بەر خۆمەوە گوتم:"ئاخۆ چیها حەوتی دیکەشی بە بەرەوە مابێ!"

بزر بوونی حەوت و ئەگەری بزربوونی شەش تەواو ترساندبوومی. حەزم دەکرد ئیتر واز لە ژماردن یا خود لە ژمارە بێنێ. بەڵێنمدا کە جێگاکەم بگۆڕم. بەڵام چۆن؟ تەنیا ئەو دوو پەتووە بوو کە هەر شەشمانی دادەپۆشی. ئەی کەواتە چی بە خۆمدا بدەم؟ بە ناچاری وازم هێنا. لە کاتی ژماردن‌دا تەنیا من بووم کە بە خەبەربووم، ئەوانی تر نووستبوون. سەیر بوو! قەت هەڵنەدەکەوت کە بۆ جارێکێش بێت نیگامان لە یەک بچەقێ. هەمیشە لە کاتی ژماردن‌دا پەنجەی لە سەر ئێمە بوو و چاوی لە سەر جێگای حەوت. لە بەر خۆمەوە دەمگوت:"هەموو دنیای ئەو ئەم قوژبنەیە"

خۆی لە خوارەوە لەبەر قاچی ئێمەدا دەنووست. لەبەر ئەوەی ناچار نەبێت کە نیوەشەوان بۆ ئاو هێنان بچێتە دەرەوە، دۆلکەئاو و لێوانەکەیشی لە پشت سەری خۆی دادەنا. ئێمە ئەوندە ماندوو بووین کە زۆر بە دەگمەن بە دەم خەوەوە داوای ئاومان دەکرد. کەچی هەمیشە بەیانیان کاتێ لە خەو هەڵدەستاین دەمانبینی کە دۆلکەکە ئەوەندەی ئاو تیا نەماوە. زۆر دواتر زانیم کە حەوت عادەتی بووە تا بەیانی چەند جار ئاو بخواتەوە.

بە حەوت راهاتبووم. ئیتر تەواو لەوە دڵنیا بووم کە شەوانە لە تەنیشتم‌دا دەنوێ. بۆن و رەنگی تایبەتی خۆی هەبوو. تەنانەت هەندێک جار بەتانیەکەشی بە دەم خەوەوە لێدەڕفاندین. جاری وابوو ملچەی دەهات و خۆی کۆدەکردەوە، وەک بڵێی بۆ مەمکی دایکی بگەڕێ. تەنیا عەیبی ئەوە بوو کە نە گەڵ ئێمە خەوی لێ دەکەوت و نە لە گەڵ ئێمەیش بەیانیان لە خەو هەڵدەستا. پێم وابێ لە گەڵ هەڵهاتنی خۆر بزر دەبوو. وەک بڵێی خۆر بانگی بکا. هەموو رۆژێک لە گەڵ خۆر دەڕۆیشت و لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گەڵ بزر بوونیشی‌دا دەگەڕایەوە ماڵەوە. ئەو دەیزانی دەگەڕێتەوە، بۆیە لە بیری بوو کە حەتمەن ئەو شەوەیش وەک شەوانی پێشوو بیژمێرێ.

شەوێکیان کە لە سەر ژمارەی شەش چەقی، ویستم بڵێم:"حەوت!" بەڵام نەمگوت. هەستم کرد ئەو دەبێ حەوت ببینێ، نەک بیبیستێ. جا چۆن بیبینێ؟ بۆ سبەی لە قوتابخانە چوومە لای مامۆستا. پێم گوت کە پێویستم بە حەوتە. ئا! ژمارەی حەوت! وتی ژمارە حەوت لە هیچ شوێنێ دەست ناکەوێ، حەوت تەنیا خەونە. ژمارەکان هەر هەموویان خەونن. بیرم کردەوە:"کەواتە شەش و حەوت فەرقیان نیە!" خۆشحاڵییەک دایگرتم. کەواتە گەر ژمارەکان فەرقیان نەبێ، دەکرێ منیش حەوت بم. گەڕامەوە ماڵەوە. خەریکی قاپ و قاچاخ شۆرین بوو. بە ئەسپایی چوومە ژوورەوە و بە بێ ئەوەی ئاگای لێ بێت، لە تەنیشتییەوە راوەستام. ویستم پێی بڵێم کە خەم نەخوا منیش حەوتم. نەمتوانی. روخساری بە دەم قاپ شۆردنەوە هەمان روخساری کاتی ژماردنی شەوانە بوو. داڵغە. ئەو هەمیشە لە داڵغەدا بوو. ئارام گەڕامەوەو لە ژوورەکە چوومە دەرەوە.

دیسان شەو. دیسان کاتی ژماردن. دیسان لە کاتی گوتنی حەوتدا راما و ئەوسا چوو نووست. منیش کەمێک ئەم بارەو بارم کرد. خەوم لێکەوت. وەک شەشێکی خوار زارم کرابووەو دەمپرخاند. چۆن دەمزانی؟ چونکە کە خەبەرم بووەوە، گوێم لە دوا پرخەی دژواری خۆم بوو. چاوم هەڵهێنا. دنیا، نیوە شەو. نیوەشەوێک، ئاشنا بە دەنگی هەناسەی یەک تا پێنج. چ خەوێکی قوڵ دایگرتبوون! راکشامەوە کە بخەوم. هەستم کرد کەسێکی دی بە تەنیشتی چەپمەوە لە سەر جێگای حەوت راکشاوە. پەلم کوتا. ئا! پەیکەرێک وەک حەوت. دوو هێڵ کە لە خوارەوەڕا پێک دەگەیشتن و لە سەرەوەڕا لە یەک جودا دەبوونەوە. دوو هێڵی تەڕ. حەوت! ترسێکی سەیر دایگرتم. حەوت لەوێ بوو. رێک لە جەنگەی زستاندا گەڕابووەوە. نەموێرا هیچ بڵێم. بە گوێمدا چپاندی:"تەڕی شڵێوەی دەرەوە نیم، تەڕی بارانی ناو دەمارەکانی خۆمم!" خوێن! بۆنم بە دەستمەوە کرد. بۆنی بەیانیانی زووی هاوین، بۆنی کەسێک لە بەر دیوارێکی بەرزدا، بە دەست و چاوی بەستراوەوە" گوتی:

- لە بەر ئەو نا، لە بەر خۆم هاتوومەتەوە. پێم وانەبوو یەکجار وا بێ تاقەت بم.

هیچم نەگوت. گوتی:

- لە گەڵ خەونەکانم یەکجار دوور رۆیشتین. وەها کە ئەم جێگا بچکۆلەم لە بیر کرد. لە هەر کوێ بم پێویستیم بێرەیە.

گوتم:

- دۆلکەکە ئاوی تیایە بۆت بێنم؟

- نا ناخۆمەوە. ئاو بۆ من خراپە. ئەو بڕە خوێنەی کە تیام ماوە دەبێ بەشی گەڕانەوەم بکا.

راچەنیم. گوتم:

- نا، نابێ برۆی. سبەی شەویش بمێنەوە. تا ئەوەندە کە ئەو دەتبینێ و دەڵێ "حەوت!"

- ئەی شەوانی تر؟

کەمێک رامام. گوتم:

- شەوانی تر لە بیر کە. بۆ جارێکیش بێت با ئەو وەک جاران بێت.

بزەیەکی تاڵ لێوەکانی تەنی.

- حە! جاران هەمیشە وەک جاران دەمێنێتەوە. بە شوێن خەونەوەیە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرێکی بادا و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا. وەک بڵێی دەیەوێت بۆ هەمیشە بۆنی ژوورەکە هەڵمژێ.

وتم:
ـ ئەی تۆش بە شوێن خەوندا نەڕۆیشتی؟
سەری هەڵبڕی. زۆر ئارام گوتی:
ــ ئەو خەونێک بەرەو رابردوو و من خەونێک بەرەو داهاتوو. ئەم ژوورەیش شوێنی یەکگرتنەوەمان!

وتم:
ـ ئەو گریانو، تۆ لەشێکی خوێناوی.
دەستی خستە سەر چۆکی و هەستا. وتی:
ـ ئەو وێڵی ناو ژوورێک و من وێڵی تەواوی جیهان.

بیرم کردەوە، من شەش و ئەو حەوت... پێکەوە شەست و حەوت! ئا ساڵی شەست و حەوت! کە نەورۆز بێت ئەو بۆ هەمیشە بزر دەبێ. وەک بڵێی بیری منی خوێندبێتەوە، گوتی:

ـ لە بیرت بێ پێی بڵێی کە حەتمەن لەمە بەدووا لەم جێگایەی مندا بخەوێ. لە بیرت نەچێ ها!

بیرم کردەوە، دیسان دەبینەوە بە حەوت، دیسانەوە شەست و حەوت! کەواتە گەر نەورۆزیش بێت، شەست و حەوت بزر نابێ.

راچەنیم. ئەژنۆم لە باوەش گرت. حەوت ئارام راکشایەوە. کاتەکان تێپەڕین. حەوت، خەوێکی قووڵ دایگرت. کتوپڕ زانیم کە ئەگەرچی شەش‌و حەوت لە پال یەکترەوەن، بەڵام یەکجار لە یەکتری دوورن. ئەو بزر دەبوو و من دەمامەوە. من دەمام تا هەشت، ئا تا شەستو هەشتو، شەست و نۆ. دوواتر ساڵەکانی تر بەوەوە دەستی پێدەکرد. لە خۆشی ئەوەی کە ژمارەکان بۆ هەمیشە ون نابن، ویستم توند توند لە ئامێزی گرم. کەچی هەر لەو کاتەدا بینیم کە ئەو هەستا. وتم رەنگە دەیەوێ بمانژمێرێتەوە. بەڵام نەیژماردین. ئارام هات و رێک لە شوێنی حەوتدا راکشا. ئەوسا بینیم کە حەوت لە جەستەی ئەودا بەرە بەرە بزردەبوو. بۆ یەکەم جار لەو شەوە زستانەدا بینیم کە دوای ئەوەی حەوت بە تەواوی لە جەستەیدا بزر بوو، بە دەم خەوێکی شیرین و لێوێکی بە بزەوە گوتی:"ئاخ کوڕم، بەخێرەیتەوە!"

**16.06.2006**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# قورینـگەکان، ئـەمساڵ تووڕە بوون

چـەند رۆژێـک لە بەهاری هەر ساڵ، ئاسمانی شارەکەمان دەبوو بە شوێنی پەڕینەوەی ئەو قازو قورینـگانەی کـە کەس نەیدەزانی لە کوێوە دێن و بۆ کوێ دەچن. جاری وابوو بە رۆژ، بڵێند بڵێند، لە دو ریزی درێژدا بـە بێ ئـەوەی دەنگیان ببیستری، تێدەپـەڕین و، جـاری واش بوو بە شەو لە کاتی بارانێکی بە لێزمە و تاوتاودا. لە کاتی هەوا خۆشیدا نەغمەیان زوڵاڵ و ئاهەنگین دەهاتە گوێ و، لە کاتی لێزمە و شـەستەش دا دەنگیان هـەراسناک هەڵدەگەڕاو دەبوو بـەو دەنگە دابڕ دابڕ و پڕ لـە دڵەراوکێیەی کە وای دەنواند لە یەکدی ونن و خەریکی بانگ کردنی یەکترن.

بێگومان لـەم کاتانـەدا هـەر کـەس لـە بەر خۆیەوە دەیپرسی کە بۆچی لە وەیشومەیەکی وادا رێ دەکەن؟ بەڵام کێ چووزانێ لە کاتی کۆچدا لە کوێ وەیشوومە لە سەر رێیە و لە کوێ لە سەر رێ نیە.

لە بیرم دێ لەو کاتەوە کۆچی قورینگە ئاشقی ئاسمانی کردم!

ئیتر هـەمیشە سـەرم هـەڵدەبڕی. چ ئـەو کاتـەی خۆری هاوین چاویان دەبرژاند، یا خود زەردەی پاییز چـاوی دەژاکاند، یـان ئـەو کاتانـەی کە کلوی بەفری زستان چاویان دەتەزاند. سەرم هەڵدەبڕی و بیرم لـە لـە قورینـگەکـان دەکردەوە. بیر لـەو رێگایانـەی پیا دەڕۆیشتن، بیر لـەو شوێنانـەی کە رێگا دەیانگەیەنێ و، بیر لە هەراسناکی و لەزەتی سەفەریان!

ئیتر لـەو کاتـەوە ئـاسمان، رێگـا و شوێنێکی نادیار، هەتا ئیستاشی پێوە بێت، منیان بە خۆیانـەوە سەرقاڵ کردووە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خانووەکەمان لە گەڕەکێک بوو کە چەند پایگای گەورەی تێدا بوو. شەوانە بە چوار دەوری پایگاکاندا گڵۆپی گەورە و تەژی لە تیشک هەڵدەکران و، گەڕەک تەواو روون دەبووەوە. دەبوو بە رۆژ! هەر کە ئێوارە دادەهات لە کاتی شێو بەولاوە ئیتر کەس هاتوچۆی نەدەکرد. گەڕەک کپ و بێ دەنگ دەبوو. لە بیرم دێ لە یەکێک لە شەوەکانی بەهاری ئەم گەڕەکە پڕ لە گڵۆپەدا، لە گەرمەی گرمەی هەور و لرفەی باران، درەنگان لە کاتێکدا کە لە مێژ بوو چووبوومە ناو جێگاو خەوم لێ نەکەوتبوو، لە پڕ دەنگی قاز و قورینگە هاتە گوێم. سەرەتا نەموێرا لە جێگاکەم بێمە دەرەوە و بچمە بەر پەنجەرەکە. دایکم دەیگوت بە شەو قەت پەردەکان لامەدەن، چونکە ئەوان لە پشت ئەو گڵۆپە بە هێزانەوە دەمانبینن، ئەوسا دێن و دەمانگرن! ئەوان کێن؟ کەمێک ئەم بارەو بارم کرد. دەنگی قاز و قورینگەکان تا دەهات زیادی دەکرد و ئاڵۆزتر دەبوو. هەستم دەکرد جۆرێک لە گریان، لە پاڕانەوە، لە داوای یارمەتی لە جامی دەنگیاندا سەرریژ دەبێ. ئەشقی ئاسمان و عادەتی سەرهەڵبڕین بانگیان لێدەکردم! بچم نەچم؟ دەمزانی گەر بچم حەتمەن دەیانبینم. بە ئارامی لێفەکەم لادا. دەنگی هەناسەی خەوی قوڵی خێزان، ناو ماڵەکەی تەنیبوو. بە ئەسپایی هەستام. چوومە بەر پەنجەرەکە. گۆشەیەکی پەردەکەم گرت و زۆر لەسەرەخۆ، بە ئاستەم هەڵمدایەوە. تیشکێکی بە هێز لە چاوی دام. دوای کەمێک، لە پاش راهاتنی چاوم لە حەوشەکەم رووانی. ئا! لەوێ قورینگەیەکی لێ بوو، کە جار جارە باڵی دەکوتا و زۆر بە ترسەوە لەدەوری خۆی دەڕوانی. چەند جوان بوو! کۆچ لەوێ بوو، لە حەوشەکەمان! ئیتر پەردەکەم هەڵدایەوەو مەحوی هەنگاوە وردیلەکانی بووم. قورینگەیەکی سپی. سپیتر لە تیشکی گڵۆپەکان. هەناسە سوار. لەشێکی لەرزۆک و سرک. نیگا هەراسان. هەستمدەکرد کە ئاگای لە منیشە. مەودای نێوانمان یەکجار نزیک بوو. سبەی، ئا سبەی دەچم دەیهێنمە ژوورەوە. لە بیرم نایەت چۆن و کەی خەوم لێکەوت و قورینگەکەیش چۆنو کەی رۆیشت. بۆ سبەی لە سەر سفرەی بەیانی باوکم و دایکم باسی قارە قاری دوێ شەوی قاز و قورینگەکانیان بوو. باوکم گوتی: "ئاخۆ چەندیان لێ گیراوە! ئەمڕۆ رۆژی خواردنی گۆشتی قازو قورینگەیە!". تەزوویەک بە لەشما گەڕا. دایکم رووی تێکردم و گوتی:"ئیتر بە شەو لای خۆمەوە بخەوە!"

قورینگەکە لەوێ لە حەوشەکەمان نەمابوو، بەڵام من هەمیشە لەوێ دەمدیت!

هەموو رۆژێک، من و جانتا و قوتابخانە. بۆ ئەوەی ئەوەندە لە ئاسمان نەڕوانم، مامۆستا شوێنەکەمی گۆڕیبوو. منداڵەکان گاڵتەیان پێ دەکردم و پێیان دەگوتم : "چاو لەحەوا!"... "چاو لە حەوا دێی بۆ کایە؟ ... چاو لە حەوا ئێوارە لە ماڵەوە دەبێ؟ ...چاو لە حەوا...؟" بەڵام من نە تەنیا پێم ناخۆش نەبوو، بەڵکو خێرا سەرم هەڵدەبڕی و جارێکی تر سەیری ئاسمانم دەکردەوە..."ئاخ! تۆ بڵێی کەی باڵندە کۆچەرییەکان بێنەوە؟" هاوڕێکانم لە قاقای پێکەنینیان دەداو دەستیان دەکردەوە بە یاری کردن. ئەو ساڵە چوار تەژدیدم هێنا. دایکم هەرچۆنێک بێت بەری بە لێدانم گرت. باوکم دەیگوڕاند و دەیگوت:"مامۆستاکەی دەڵێ خەتای ئاسمانە!"

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**ئەوەندە لە پاییز تێنەپەڕیبوو. دەمزانی بەرە بەری وەرزی هاتوچۆ و گوزەری قورینگەکانە. هەستێکی هەڵچوو سەرتاپامی داگرتبوو. ئۆقرەم نەدەگرت. خەمی ئەوەم بوو کە بە شەودا تێپەڕن و، گڵۆپە پڕ تیشکەکان نەهێڵن بیانبینم. ئاخ، چ دەبوو گەر بە ڕۆژ تێپەڕیبان! بە تایبەت ئێواران، کاتێک کە هەتاو چاو ئازار نادا! لە عەسر بە دواوە بۆ ئەوەی بەختی دیتنی باڵندە کۆچەریەکانم لە کیس نەچێ، وازم لە کایە دەهێنا و دەچوومە سەربانی. لەوێوە چەند جوان ئاسمان دیار بوو. ئاسمانی پان و بەرین و گەشی پاییزان، بە هەورە دوورەدەستەکانیەوە.**

**ڕۆژێکیان، لە کاتێکدا کە هێشتا نەچووبوومە سەربان، دایکم بانگی لێ کردم. وتی دەبێ بچم بۆ بازاڕ. دەبا هەندێک کەل و پەل بکڕم. ڕۆیشتم. لە کوچە و کۆڵانە تەنگ و باڵاکورتەکانەوە تیپەڕیم، بەڵام دەرفەتی ڕوانینی ئاسمانیان لێ نەدەسەندم! گەیشتمە شەقامی سەرەکی شار. شەقامێکی قەرەباڵغ. هات و چۆی بەردەوام. وڕەی ئۆتۆمبیل و ویزەی مۆتۆرسیکێل. ئەو منداڵە دووکاندارانەی کە لە هەموو کەسێکیان دەڕوانی. لە دووکانێک لامدا. خەریکی شت کڕین بووم کە زنازنایەک گەیشتە گوێم. سەیری دەرەوەم کرد. حەشیمەتێکی زۆر بە شەقامەکەدا دادەگەڕان. خۆپیشاندان بوو. ریزەکان لە یەک جودا دەکرانەوە: بەرپرسەحکوومیەکان، سەرباز، مووچە خۆری دەوڵەتی، مامۆستا و قوتابی، و.... ڕاوەستام، کەمێک سەیرم کردن. دروشمە بێکۆتاییەکان! کە لە دووکانەکە هاتمە دەرەوە، ریزی خۆپیشاندەران خەریک بوو دوور دەکەوتەوە. وەک مارێک ڕادەخوشاو خۆی بزر دەکرد. دایکم جارێکیان گوتی: "هەندێک جار باڵندە گۆشت خۆرەکان، ماریش ڕاو دەکەن." لێم پرسی: "قازو قورینگە ماریش دەخۆن؟" دایکم ڕاما. ئەوسا گوتی: "بیستوومە ماسی دەخۆن، بەڵام ڕەنگە گەر ماریشیان دەست کەوێ بیخۆن، بە تایبەت ماری ئاوی!"**

**لە دووکانەکە هاتمە دەرەوە. سەرم هەڵبڕی و سەیری ئاسمانم کردەوە. چەند هەنگاوێک دوور نەکەوتبوومەوە کە نەفەرێک بە تانەوە گوتی: "ئەوەندە سەیری ئاسمان دەکا تا عاقیبەت ریقنەیەک ناوچاوی ماچ دەکا! بیرم کردەوە: "ریقنەی باڵندە کۆچەرییەکان!"**

**هەنگاوم خێراتر کرد. بەڵام ڕاوەستام. لە بەر خۆمەوە گوتم: "با بۆ دواجار تا دەگەمەوە ناو کۆڵانەکان، لێرەوە جارێکی تر سەیری ئاسمان بکەمەوە، نەکا قورینگەکان ئیستا تێپەڕن!" سەرم هەڵبڕی. چی؟ ...ئا! ...ئەوەتا! دوو قورینگەم بینی. بەرزبەرز وەک پەڵەیەکی بچووک، بەڵام بە شوێن یەکتریدا. چەند ڕێک دەڕۆیشتن! بۆ یەکجار ئەوەندە بەرز؟... ئەویش تەنیا دووان؟ بێگومان ئەوانی تر لە دوواوەن. سەیری دوواوەیانم کرد. بڕێک واوەتر... بەڵام نا! چاوم ڕێشکە و پێشکەی دەکرد. هیچی تری لێ نەبوو. بێ گومان ئەمانە یان زۆر دوواکەوتوون، یان زۆر لە پێشەوەن. لە بەر خۆمەوە گوتم باشترە بچمە ناو کۆڵانەکەوە. هەنگاوم هەڵگرت. ئاوڕێکم دایەوە و سەیری کلکی ڕەشماری خۆپیشاندەرانم کرد. نازانم بۆ. گوێم لێ بوو یەکێک، نازانم کێ، گوتی: "ئەو هەتیوە چاوی لە هەموو شوێنێکە، لە بەر پێی خۆی نەبێ!" هێشتا بە تەواوی نەگەیشتبوومە سەر کۆڵانەکە، کە دەنگی هاشەیەکی بە سام هەموو لەشی تەنیم. ڕاوەستام. سەرم هەڵبڕی. حەح! قورینگەکان چەند نزیک بوون. نزیک و گەورە و تووڕە. ئەی کوا دەنگی زوڵاڵیان؟ یان ڕەنگە هەر لە دوورەوە**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەنگیان خۆش بێ! قورینگە گەورە و بە سامەکان بە سەر شەقامەکەدا داگەڕان. زۆر بە پەلە داگەڕان. بیرم کردەوە قورینگەی ئەو شەوەی ناو حەوشەکەمان لە چاو ئەمانە زۆر بچوک بوو. بێ گومان هەر کە گەیشتنمە ماڵەوە پرسیاری ئەمە لە باوکم... نا لە دایکم دەکەم. کتوپڕ دەنگی قورینگە نەرم و گەورەکان وای لێهات کە سەرتاپای لەشیان گوشیم. وەها کە هەستم بە خۆم نەدەکرد. بەرگەم نەگرت. بچووک بوومەوە. بچووک پچووک. وەک ئەو شەوەی پشت پەنجەرەکە. شەقام ئێستا ببوو بەو گڵۆپە پڕ تیشک و بە هێزانەی کە نەیاندەهێشت هیچ ببینرێ. روون روون. روونتر، لە دەورو بەری پایگاکان. روونێک، وەک روونیی ناو ئاگر. بینیم کە ریزی خۆپیشاندەران لە ناو گڵۆپەکاندا ون دەبوو. بینیم کە تیشکەکان دەیانفڕێنن. باڵیان دەگرت و وەک باڵندە کۆچەریەکان دەیانقیراند. ئەوسا گڵۆپەکان سوور و رەش هەڵگەڕان. سوور سوور. رەش رەش. شەقام تاریک تاریک، وەک شەوێکی ئەنگوستە چاو، وەک چاوی قورینگەی ئەو شەوەی ناو حەوشەکەمان. شەقام، نوقمی تۆزێکی خەست. خەست خەست!

**20.05.2006**

## داخە باران

ئاوایی پڕ بوو لە چەکدار. لە ناو کۆڵان و لە سەر بانی ماڵان دەهاتن و دەچوون، ئاپۆرایان دەبەست، لیرەو لەوێ گەمەیان دەکرد و جار جارەیش بە بێ تەلەکانیان پەیامیان بۆ شوێنێکی نادیار دەنارد. چەند رۆژ بوو ئەمە حاڵ و وەزعی ئاوایی بوو. نە ئەوانەی لە مەزرابوون دەگەڕانەوەو، نە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوانەشی لە ئاوایی بوون ئیزنی چوونە دەرەوەیان هەبوو. بۆ دووهەم رۆژ گاگەل و بەرخەل و شوانەکانیان لەم یاسایە قوتاریان بوو. بەڵام هێشتا هات و چۆ هەر قەدەغە بوو. چەکدارەکان ماڵ بە ماڵیان دەپشکنی، چەند کەسێکیان گرت و حەواڵەی شاریان کرد، هەموو ژەمێکیش بی ئەم لاوئەولا خۆیان بە ماڵاندا دەکرد. دەگوترا بە شوێن چەند کەسێکی برینداردا دەگەڕێن!

پیاوەکانی ئاوایی لە کونجی ماڵدا جگەرەیان بە با دەکرد. گرژو مۆن سەریان دادەخست و لە شتێک رادەمان. ئیستا ئیتر زیاتر لە جاران تورە دەبوون. ژنەکان بە کاری ئاسایی رۆژانەوە خەریک بوون. ئەوانیش ئیستا زیاتر لە جاران لە پیاوەکان دەترسان. دیمەنی چەکدارانەی دەرەوەو گرژیی پیاوەکان ئەوەی پێ دەگوتن کە دەبێ کەمتر بچنە دەرەوە، تەنانەت بۆ ئاو هێنانیش. تەنیا منداڵان بوون کە تا رادەیەکی زۆر دەیانویست وەک جاران بژین. بە چاوی بز و لووتی چڵماوی و دەمی مێش لێ نیشتووەوە بەردەوام تێک دەوروکان و لە چەکدارەکان رادەمان.

ئەحمەد مێرمنداڵیکی تەمەن چواردە ساڵان بوو. دوای تەواو کردنی قۆناغی سەرەتایی لە ئاوایی ئیتر بۆ خوێندن نەچووبووە شار. باوکی دەیگوت: "هەر حسیب و کتێبی پێ بکری بەسە، شتی لێ تێک ناچێ."

ئەحمەیش دوای ئەو شەڕە گەورەیەی چەند رۆژ لەوە پێشی دەوری ئاوایی و هاتنی چەکدارەکان بۆ ناو دێ، مابووەوەو نەیدەتوانی بچێ بۆ مەزرا.

سێهەم رۆژی هاتنی چەکدارەکان بوو. ئێوارە داهات. هێشتا شەو بە تەواوی باڵی بە سەر ئاواییدا نەکێشابوو کە چەند جارێک دەنگی تەقە ماڵ بە ماڵی راچڵەکاند. پیاوەکان سەریان بەرز کردەوە، ژنەکان دەستیان بە کارەوە وشک بوو، منداڵان خۆیان لە ئامێزی دایک هاویشت و مێرمنداڵەکانیش بە قونە خشکە بە بێ ویست، خۆیان لە دایک و باوکەکان نزیک خستەوە. دواتر چرا لامپاکان هەڵکران. ئەحمەد هێشتا یەکەم پاروی نەخستبووە زاری کە باوکی گرماندی: "ئەگەر ئەو رۆژە ماڵەغانەکەت هێنابایەوە، بە تووش ئەم بەزمەوە نەدەبووین. خۆ پێم گوتی... کەڕ بووی؟... ها؟ هەتیوە پیسە! لە ئیستەوە بێ گوێیی دەکەی..."

ئێوارایی پێش رۆژی شەڕەکە بەڵێن بوو ماڵەغانەکە لە گەڵ خۆیان بیەنەوە بۆ ئاوایی. بۆ رۆژی دووایی لە گەڵ ماڵی مامی وەعدی هەرەوەزییان هەبوو .

دایکی ئەحمەد گوتی: "وازی لێ بێنە! خۆ جارێکە کەس ناتوانێ لە ئاوایی بچێتە دەر."

باوکی ئەحمەد لێی مۆڕ بووەوە: "ماڵەغانەکە لە ماڵ بووایە باشتر بوو، دەم و دەستتر بوو، خوا دەزانێ چەندەی تر دوا دەکەوین!"

رۆژی دواتریش چەکدارەکان هەر لە ئاوایی بوون. لای عەسر هەلیکۆپتەرەک هات. بە دەوری ئاواییدا چەند سوڕێکی دایەوە. دواتر بەرە بەرە چەکدارەکان لێرە و لەوێ کۆ بوونەوەو لە گوند وەدەرکەوتن. خەڵک کە بەمەیان زانی، ئارام ئارام لە ماڵ وەدەرکەوتن. لە سەر بان و بانیژەکانەوە سەیری ئەو هەموو ماشین و چەکدارانەیان دەکرد کە ئێستا ئیتر بەرە بەرە لە پردەکەی خوار گوند نزیک دەبوونەوە. لە ناو ئاوایی گریانە پەنگ خواردووەکان تەقینەوە. ژنان خۆیان دەڕنی.

باوکی بە پەلە رووی کردە ئەحمەد و گوتی: "تا شەو نەهاتووە، بە پەلە بچۆ ماڵەغانەکە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بێنەوە... دەی! هێشتا رۆژ بە بەریەوە ماوە."

دایکی گوتی: "تازە درەنگە لێی گەڕێ، شەوی بە سەردا دێ."

ئەحمەد رۆیشت. سەرەتا بە ناو باغەکەی پشتەوەی ئاواییدا و ئەوسا بە ناو دۆڵێک دا. دۆڵەکە ئاوێکی زۆری پێدا دەڕۆیشت. بەڵام ئەو شوێنەی رێگای بەرەو چۆمەکەی بوو، دارستانێکی داربەڕو و دارەبەن بوو کە بە رووی ئەولادا دەگەیشتە تەپۆڵکەیەک کە قەبرستانەکەی ئاوایی لێ بوو. شەوانی زستان خەڵکی گوند لە بەر چرا لامپاکان دادەنیشتن و چیرۆکی سەیر و سەمەرەیان لە بابەت ئەم دارستانە و قەبرستانەکەی تەنیشتیان دەگێڕایەوە. بەڵام ترسناکتر لە هەموویان چیرۆکی ئەو گەنجە بوو کە شەوێک درەنگان لەوێوەو تێدەپەڕێ وبە تووش زەماوەندی جنۆکەکانەوە دەبێ. هەڵپەڕینێک، ئەو سەری دیار نەبێ! لاوەکەیش تازە بە سەردا کەوتووەو سەرەڕای ئەوەی کە هەموو گیانی وەک شەق شەقە دەلەرزێ، وەڵامی دەعوەتی خێوەکان دەداتەوەو تا رۆژ هەڵدێ لە گەڵیان هەڵدەپەڕێت. بە کەوتنی سپێدە جنۆکەکان بزر دەبن و ئەویش بەرەو ماڵ دەبێتەوە. بەڵام ئیتر ئەو گەنجەی پێش شاییەکە نیە. ئیستا بووە بە شێتێک کە بەردەوام باسی خۆشی ئەو شەوە دەکا. خەڵکی ئاوایی لێی کۆ دەبنەوەو گەمەی پێ دەکەن.

ئەحمەد لە بەر خۆیەوە گوتی: "پێش ئەوەی شەو دابێت، دەبێ لێرە دەرباز بووبێتم!" ئەوسا خێراتر هەنگاوی هەڵگرت. بەڵام مەزرا دوور بوو. کاتێک ماڵەغانەکەی هەڵگرت و سەر شانی خست، دوا تیشکەکانی زەردەپەڕ خەریکی خۆ کۆ کردنەوە بوون.

ئەحمەد رای کرد. ماڵەغانەکە درێژ بوو و لەنگەری پێ دەخست. هەناسە برکێی پێ کەوت. جار جارە وچانێکی بۆ دەدا. هەر چۆنێک لێکی دەدایەوە بە تاریکی دەگەیشتەوە دۆڵەکە. هەستی کرد ژێر دڵی رەهۆڵ دەبێ. بە شوێن شتێک دا دەگەڕا دڵخۆشی خۆی پێ بداتەوە. لە بەر خۆیەوە گوتی: "رەنگە دەنگی تەقە و ئەو شتە زەلامەی کە بە سەر ئاواییدا دەسوڕایەوە، جنۆکەکانی ترساندبێت و لەوێ نەمابن." بەڵام دڵی هەر جۆرەیەک بوو. هاتەوە بیری کە جارێ مامۆستا گوتبووی: "جنۆکە درۆیە، درۆیەکی گەورە بە قەد ئەو کێوانە." کەچی باوکی لە ماڵەوە گوتبووی: "ئەگەر ئەو کێوانە درۆ بن، ئەوا جنۆکەش درۆیە، رۆڵە لە قورئاندا باسیان لێ کراوە."

هەستی بە قوڵپی گریان کرد. چاوەکانی تەڕ بوون. بای ئێوارە هەڵی کرد و دڵۆپە فرمێسکە قەتیس ماوەکانی رفاند. ئەحمەد چاوی سڕی. بەڵام گریان کۆتایی نەهات. هەڵدەهات و دەگریا. چەند جار ویستی ماڵەغانەکە فڕێ بدا بۆ ئەوەی ئاسانتر رابکا. لە بەر خۆیەوە گوتی بە باوکم دەڵێم دزرا بوو، لەوێ نەمابوو. بەڵام کە بیری توڕەیی باوکی دەکەوتەوە، نەیدەوێرا.

کە گەیشتە نزیک دۆڵەکە، تەواو ماندوو ببوو. با توندتر و هەوا گەلێک فێنکتر ببوو. چرا کزەکانی ئاوایی بینی کە لەوبەر دۆڵەکەوە دەئایسان. گەلێک دڵی خۆش بوو. خێراتر هەنگاوی هەڵێنا. گوتی: "لەوێوە ناڕۆم." بەڵام بەهار بوو و ئاو بواری نەدەدا. تەنیا رێگای هاتوچۆ ئەو پردە دارینە بوو کە ئەو سەری دەگەیشتەوە ناو دارستانەکە.

تا نزیک دەبووەوە، دەنگی هاژەی ئاوەکە باشتر دەهاتە گوێی. بەردەوام چاوی لە چراکانی گوند هەڵنەدەگرت. بە ئەسپایی هەنگاوی هەڵدێنا. هاتە قەراغ دۆڵەکە. ئەوێ گەلێک تاریکتر بوو. شوێن

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شوێن چۆمەکە شۆقی دەدایەوە. دارستانەکە وەک پەیکەرێکی رەشی زەلام بە ئاستەم دەجوڵایەوە. دانیشت. چاوی نوقاند. سەیری دواوەی کرد. ئەویش هەر تاریک. سەیری پێشەوەی کرد. دیسان لەوبەر دۆڵەکە چراکان ئیشارەتیان دەدا. لە بەر خۆیەوە گوتی ئەگەر راکەم زۆر خێرا دەتوانم لە دارستانەکە دەرباز بم. لێکی دایەوە کە لە کۆتایی پردەکەوە تا باخەکەی ئاوایی رەنگە پێنج دەقیقەیش نەبات. دڵی خۆش بوو. هەستایە سەر پێ. ماڵەغانەکەی خستە سەرشان. سەرەتا چراکانی ئاوایی بزر بوون و ئەوسا ئیتر تاریکی بە یەکجاری دەوری تەنی. تەنیا ئاسمان بوو کە لە دوورەوە بە هەزاران چاوی شەرمنەوە ئیشارەتیان پێدەدا. دەنگی ئاو بە شەودا شتێکی دیکەیە. جیرانەکەیان جارێکیان گوتبووی: "ئەوە ئەو چۆمەیە کە بە شەو دەنگی جنۆکەکان دەمرێنێ، ئەگینا لێرەوە گوێمان لە دەنگیان دەبوو." تا گەیشتە سەر پردەکە چەند جار لەتری برد، بەڵام نەکەوت. دەڵێی شەوانە داری پردەکە وشکتر بوو، تەقەی هەنگاوەکانی گەلێک بەرز بوون. لێرەوە دارستانەکە زۆر بە هەیبەت دەینواند. چۆکی سست بوو، بەڵام دەنگی پێی هێشتا پێی دەگوت دەجوڵێ و دەتوانێ درێژە بە رێگاکەی بدا.

هێشتا پردەکەی تەواو نەکردبوو کە دەستی بە هەڵاتن کرد. سەری داخست و هەڵات. دیسان "با" فرمێسکەکانی رفاند. پێچێکی تێپەڕاند، هێشتا نەگەیشتبووە پێچێکی دی کە ماڵەغانەکە لە دارێک گیری کردو کەوتە خوار. قیژاندی. لای وابوو جنۆکەکان لێیان ئەستاندووە. چەند هەنگاوی تر هەڵات، بەڵام دیسان سیمای تووڕەی باوکی هاتەوە بەر چاو. راوەستا. دارستانەکە لە ناوەوە نەدەجوڵا. هەموو شتێک تا ئەو پەڕی بێدەنگی، بێدەنگ بوو. ئاوڕی دایەوە. گەڕایەوە. ماڵەغانەکە چەپ و راست لە سەر رێگاکە کەوتبوو، لەو کاتەدا ویستی هەڵیگرێ، غەڵبە غەڵبێک هاتە گوێی. لە لای قەبرستانەکەوە ئەو دەنگە دەهات. دراوسێکەیان گوتبووی: "ئەگەر شەوێک لە شەوان لەوێوە تێپەڕین و دەنگی جنۆکەکانتان بیست، ئەوە بزانن کە بانگتان دەکەن، ئەگەر نەچن زۆر خراپە،... حەتمەن دەتانکوژن."

ئەحمەد دەستی لە ماڵەغانەکە بووەوەو بە چاوی مۆڵەقەوە بۆ ناو دارستانەکە هەنگاوی هەڵگرت. چیلکە و چەوێڵی وشک لە بن هەنگاوەکانیدا قرتەیان دەهات. غەڵبە غەڵبەکە تا دەهات زیاتر دەبوو. گوتی: "بێگومان ئەمشەو زەماوەندەکەیان لای قەبرستانەکەوەیە. ئەمشەو منیش دەبێ تا بەیانی هەڵپەڕم!" دراوسێکەیان گوتبووی: "هەر کەس هەڵپەڕینی جنۆکە ببینێ تا ئەبەد پێدەکەنێ."

جاروبار دەنگی خشپەیەک دەهاتە گوێی. بیستبووی کە مار بە شەودا راو دەکا، بەڵام بێ گومان ئەمە خشپەی مار نیە. خشپەی ئەو جنۆکانەیە کە ئەم هێشتا نایانبینێ. لە بەر خۆیەوە گوتی: "کە بەیانی رۆیشتمەوە بە باوکم دەڵێم کە گوناه لە منەوە نەبووە."

کە یەکەم کێلی قەبرەکان دەرکەوتن، هێشتا دارستانەکە تەواو نەببوو. ئەم هەر هەنگاوی هەڵدێنا. تەپۆڵکەی قەبرستانەکە رەش رەش بەرەو شینایی زۆر لێڵی ئاسمان هەڵکشابوو. دەنگی شایی کتوپڕ بڕا. رەنگە لۆتیەکان دەیانەوێ پشوویەک بدەن! کەواتە کاتێکی باش گەیشتووە، دەتوانێ پێش ئەوەی دەست بکا بە هەڵپەڕین ئەمیش پشوویەکی بۆ بدا. چەند کێلە قبرێکی تێپەڕاند، هێشتا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چاوی مۆڵەقی جنۆکەکانی نەبینی بوو کە دەنگی تەقە دۆڵەکەی تەنی. لە سەر تەپۆڵکەکەوە ڕێژنەی گڕ سەرەوخوار بووەوە. بارانێکی گەرم گەرم دایکرد. کە لە ئازاری خۆیدا بۆ دوا جار کێلەکەی بە خۆیەوە گوشی، لە مێژ بوو جەستەی، تەڕو خوساوی بارانێکی داخ بوو.

2002

## ئەو شەوە!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆتایی هەر وەرزێک ئەوەندەی لە وەرزی دوای خۆی دەکات، لە خۆی ناکات. ئەو ساڵەش هەر وا بوو. ئەگەرچی کۆتاییەکانی وەرزی بەهار بوو، بەڵام سیما و هەیکەلی تەواو لە هاوینی دەکرد: هاوینی ساڵی پەنجا و نۆ... شەوێکی هاوینی ساڵی پەنجا و نۆ.

دە کەس بوون کە لە گوند وەدەرکەوتن. مانگەشەوێکی خۆش بوو. کۆڵانەکانی گوند ئارام و بێ چرپە بوون. دوا تیشکی چرا لامپا و چرا لەنتەرەکان لێرەو لەوێ یەک لە دوای یەک دەکوژانەوە. گوند دەخەوت. کە وەدرکەوتن، لای کردەوە. لە دوورەوە سێبەری خانووەکان، لە خودی خانووەکان تۆختر بوون. ئاڵا سپییەکان لێرە و لەوێ بە سەر بانەکانەوە بە باڵای لکەکانیانەوە شۆڕ ببوونەوە. تامەزرۆی بایان دەکرد بۆ شەکانەوە. سەیری پێشەوەی خۆی کردەوە. دوواهەمین نەفەر بوو. لە قەراخ جادەوە رێیان دەبڕی. پێش وەڕێ کەوتنیان لەوماڵەی کە ئەم ئێوارە هاتبووە لایان کۆببوونەوە. بڕیاریان دابوو بچن بۆ شار. شمەکیان پێویست بوو. ئەگەرچی نزیک بە دوو مانگ بە سەر شەڕدا تێدەپەڕی، بەڵام ئاسۆیەکی نزیک بۆ کۆتاییەکەی دیار نەبوو. بڕێک ئازووقە و خۆراکی وشکیش لە شار لە خانووەکانیان بە جێ مابوو، کە هێنانە دەرەوەیان پێویست بوو. لەم چەند رۆژەی دووایی‌دا، لە بازاڕ، شمەک هەم رووی لە کەمی کردبوو و هەم یەکجار گران ببوو. یەکیان کە پیاوێکی سەرسنووری پیری و تەمەنی مام ناوەندی بوو، گوتبووی کە ئەگەرچی ئەرتەش لە قەراغ شارە، بەڵام لەو رێگایەوە کە کە خەڵک بۆ شار هاتووچۆی پێدا دەکەن، دوورن و هەربۆیە جێی مەترسی نیە. دواتر لە درێژەی قسەکانیدا گوتبووی کە دوێنێ چەند ناسراوێک بە بێ هیچ موشکیلەیەک چووبوون بۆ ناو شار و هاتبوونەوە.

بە بیستنی ئەم قسەیە دڵی گشابووەوە، کەواتە دەیتوانی بچێ بۆ شار! دەبا بچێ بۆ شار! ئەگەرچی زۆربەی خەڵکی، شاریان بە جێ هێشتبوو، بەڵام بنەماڵەکەی ئەو لەوێ مابوونەوە. ئێستا بۆ زیاتر لە دە رۆژ بوو کە نەیبینیبوون و یەکجار وەڕەزیی دەکردن.

کە گوتبووی منیش دێم هەموویان سەیریان کردبوو. هەر ئەو کابرایە دوای ئەوەی بە وردی لە سەر و سیما و هەیکەلی ورد ببووەوە، گوتبووی:

ـ وا باشترە لێرە بیت و نەیەیت. رێگا دوورە و بڕ ناکەی!

بەڵام ئەم مکوڕ بوو. سەرئەنجام رازی ببوون.

بۆ ئەوەی رێگاکەیان نزیکتر بێتەوە، لە جادە لایان داو لە گۆڕستانی گوندەوە ملی رێگایان گرتە بەر. گۆڕستان، رێگایەکی پێشاوبڕ بوو. گۆڕستانێک چڕی گۆڕ و چڕی دار و درەخت. لەوێ خستیانە ناو ریزەکەوەو نەیانهێشت لە دوواوە بێت!

ئەگەرچی جاربەجار لە دوورەوە نوورئەفکەن لە سەر شاخەبەرزەکەی قەراخ شار هەڵدەکرا و دەنگی تەقە دەهاتە گوێ، بەڵام شەوێکی یەکجار فێنک و جوان بوو. سەری هەڵبڕی و سەیری ئاسمانی کرد. ئاسمانێکی ساماڵ و گەش بە ئەستێرە بێ ئەژمارەکان.

ئەو رۆژەی ئەرتەش لە شار نزیک کەوتبووەوە، گەنجەکانی تایفە و بنەماڵەیان بەرەو دەرەوە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەڕێ کردبوو. ئەگەرچی سیانزە ساڵی بوو، بەڵام ئەویشیان بەڕێ کردبوو. لە گوندێکی دوور گیرسابوونەوە. دواتر بۆ سبەی شەوی خەبەر هات کە ئەرتەش لە شەڕێکدا تێکشکاوەو پاشەکشەی کردووە. ئەمیان بە جێ هێشتبوو و بۆ شار گەڕابوونەوە. پێیان گوتبوو لێرە لە ماڵی فلان کەس بە تا دێینەوە. دەچین بزانین خەبەر چییە. بەڵام نەهاتبوونەوە. ئیتر نە ئاگای لە وان بوو و نە لە بنەماڵەکەی. سەرئەنجام دوای دەرۆژ بڕیاری دابوو کە هەستێ و بچێ بۆ ئەو گۆندانەی نێزیک شار کە خزم و کەس و کاری نزیکی خۆی لێبوو. بە زەحمەت ئیزنیان دا، بەڵام سەرئەنجام ڕۆیشت. هەر ئەم ئێوارەیە گەیشتبووە ئەم گوندە و لە ماڵی دوورە خزمێک لەنگەری خستبوو. دواتر بە سەر ئەم سەفەرەی ناو شاردا کەوتبوو. ڕێکەوتێکی سەیر بوو. دەیتوانی هەر ئەم شەو چاوی بە بنەماڵەکەی بکەوێتەوە. دڵی کەیلی دیدار و چاوپێکەوتنیان بوو.

کە لە گۆڕستانەکە ترازان، دیسان بە بێ هیچ پلانێک، بە بێ ئەوەی خۆیشی بزانێ چۆن، کەوتبووە دوواوەوە. دووای هەموویان. ئەو دە رۆژە لە ماڵی رفیقێکی بوو. دە ڕۆژ تەژی لە پیاسەی ناو دارستان و خەوتنی شەوانەی سەر بانی لە بن ئاسمانی بەهاردا. سەری هەڵبڕییەوە. "ئەم شەو لەوێم، لە لای ئەوان!" گوێی لە چپەی دووری ئەوانی تر بوو. هەندێکیان دوو دوو لە گەڵ یەک دەڕۆیشتن و لە گەڵ یەکتر دەدوان. هەراو زەنای قرپۆکی سەر کانی و جۆگە ئاوەکان، تەنگیان بە شەو هەڵچنیبوو. یەکەم جار بوو ئاوا بۆ ماوەیەک درێژ لێیان دوور دەکەوتەوە. یەکەم جار بوو تام و بۆنی تەنیایی دەکرد. لەوێ ئەو دە ڕۆژە ترسابوو. زۆر ترسابوو. کە شەوانە لە سەر بان دەخەوتن، بە بینینی ئاسمان ئەوەندەی تر دەترسا. ئاسمان چەند بێ کۆتایی بوو. ڕەنگە تەنیاییش هەر وابێت! یەکەم جار بوو بزەکان، نیگاکان، وتەکان، خەمەکان و خۆشیەکانی ئەوان لای وی مانایەکی دیکەیان پەیدا دەکرد. شتەکان ئیستا جۆرێکی تر دەهاتنە بەر چاو. ئەوان دەبوون بە ئاسمان، تەنیاییش دەبوو بە مەودای نێوان خۆی تا ئەوان. ئیستا ئیتر هەستی بە ترپەی دڵی خۆی دەکرد. هەست بە جەستەی خۆی کە جاری وابوو ئەوەندە گەورە دەبوو کە هەموو ئەوانی لە ئامێز دەگرت. شەوانە شتێکیان بۆ گوتن پێ بوو. ئا بێگومان پێیان بوو. جاری وابوو بۆ ئەوەی کەس گوێی لێ نەبێت، ئارام لە بەر خۆیەوە دەیدرکاند: "ئاسمان دەزانم کە ئیستا تۆیش لەوێی!"

دەنگی دوورە تەقەکان بڕابوو و چیدی نوورئەفکەنەکان بە سەر شاخەکانی دەووروبەری شار هەڵنەدەکران. گوێ لێبوو، یەکیان گوتی: "لە دەورووبەری جادەکەی ئەوبەری شارەوەن. لەم لاوە دوورن. بێ گرفت دەچین و دێینەوە!"

کەس وەڵامی نەدایەوە. ڕەنگە هۆکارەکەی نزیک بوونەوەیان لە شار بوو. قورساییەک بەرە بەرە دەنیشتە سەر شانی هەموویان. دڵیان پتر دەگوشرا. هەناسە کەمێک گرێی تیکەوتبوو. هەنگاوە سووکەڵەکان بەرە بەرە ماڵئاواییان دەکرد. هەوای دەوری شار قورستر دەینواند. شتێک وەک بۆنی تۆز، دووکەڵ، گر و بۆسارد تاریکایی تەنیبوو. ئیستا ئارامتر دەرۆیشتن. بە بیستنی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەر چرپە و جوڵەیەک رادەوەستان. دەنگیان نەویتر بووبوو. بە بێ ویست زیاتر لە یەکتر نزیک کەوتبوونەوە. لە هەر کاتێکی دی زیاتر بۆ یەک مانایان هەبوو.

گەیشتنە داوێنی ئەو کێوە بچوکەی کە ئیدی ئەو دیوی شار بوو. دەبا دەوری ئەم شاخە بدەنەوە. جادەکە بەرەو راست بای دەدایەوە. پاش کەمێک راوەستان، وەڕێ کەوتنەوە. خانووەکانی شار بەرە بەرە وەدەرکەوتن. تاقە چرایەک چییە نەدەئایسا. شار، بە تاریکایی تۆخی پەیکەر و سێبەری ماڵەکانیەوە دەناسرایەوە. لە گەڵ درکەوتنی شار، بای فێنک هەڵیکرد و لە روخساری پەرێشانی دان. بێگومان حەوت هەشت دەقیقەی تر دەگەیشتنە خانووەکانی قەراغ شار. لە جادەکە لایان دا و روویان لەو ئاشە کۆنە کرد کە یەکێک لە ئاشە با ناوبانگەکانی شارەکەیان بوو. هەر کە لێی نزیک کەوتنەوە، وەڕینی کتوپڕی رەوە سەگێک هەراسانی کردن. سەگەکان بە تەمای پەلاماردانیان بوون. بیستبووی جارێکیان هێشتا سێ هەفتەیەک لە شەڕ تێنەپەڕیبوو کە پشیلەیەک لە براسانا پەلاماری مرۆڤێکی دابوو. سەگەکان کە دیتیان ئەمان زۆرن، کشانەوە. بەڵام هەروا بێ پسانەوە دەوەڕین. بە دەم چخە چخ کردن و بەرد تێگرتنیان، ئەوانەی پێشەوە سەگەکانیان دوور خستەوە. لە ئاشەکە لایان دا. وچانێکیان گرت. پاش مشورێکی کورت لە ریزێکی لە یەک نزیک دا بڕیاریان دا نەک لە جادەوە، بەڵکو لە قەراخ جادەکەوە بەرەو شار بەڕێ کەون. لای کردەوە، سێبەری دوا سەگی بینی کە لە پاڵ دیواری ئاشەکە راوەستاو گەردنی هەڵبڕی.

وەڕێ کەوتن. ئەم لە ریزی سێهەمدا بوو. کەس دەنگی نەدابوو. شادی و ئۆخژنێکی سەیر سەرتاپای داگرتبوو. شار یەکجار نزیک بوو. بێگومان ئەوپەڕەکەی تا دە دەقیقەی تر لە ماڵەوە بوو. ئا، لە ماڵی خۆیان. لای دایک و باوک و خوشک و براکانی. ئیتر ئاسمان و تەنیایی کۆتایی دەهات. بۆ هەمیشە جارێکی تر دەگەڕایەوە سەر زەوی!

کەندڕێکیان تێپەڕاند. ئەوەندە خێرا دەڕۆیشت کە کەوتە پێش هەموویانەوە. دیسان کەس ورتەی لێوە نەهات. سووکە ئارەقێک ناو پشتی تەڕ کردبوو. سرەوی فێنکی شەو پتە گردنی پێ هەڵبڕی. ئەوەندەی لە شار رادەما، ئاگای لە بەر پێی خۆی نەبوو. لێرەوە باڵای خانووەکان جوانتر هەست پێدەکران. گەیشتنە کەندڕی دووهەم. لە چاو ئەوەی یەکەم قووڵتر بوو. دە میترێک لە کەندڕەکە دوور نەکەوتبووەوە، کە سەری سوڕاند و بە لاچاو سەیری دواوەی خۆی کردەوە. دانەیەک یان دووان لە هاوڕێکانی لە کەندڕەکە هاتبوونە دەر. بزەیەک گرتی. کاروان هەر بە رێوە بوو! ئەم دەشتەی دەناسی. کاتی خۆی گەلێک جار لێرەوە بە مەبەستی سەیران تێپەڕیبوون. بەهاران یەکپارچە دەبوو بە گوڵ و گیای هەمە رەنگ و هەمە جۆر. بەرز رێک تا ئەژنۆ. حەزی کرد جارێکی تر نوورئەفکەن هەڵکرێ بۆ ئەوەی بزانێ کە ئەم بەهارەیش ئەم دەشتە گوڵی تیا رواوە یان نا. سەری هەڵبڕی و سەیری شاخەکەی ئەوبەری کرد. هەر رێک لەو کاتەدا دەنگی تەقە و ویزەی چڕی گوللە چواردەوریانی تەنی.

کەوت. خۆی بە زەوییەوە نووساند. تا توانی یتر. ئەوەندە، نەویتر لە خاک! دەستی بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەریەوە گرتبوو. هەندێک لە گوللەکان لە خاکی بەردەمی دا دەکەوتن. نەرم، دەنێژران. بڵێی بەری کەوتبێ؟ بە ئاستەم هەموو جەستەی جووڵاند. جەستەی جووڵا. ئازاری هەست پێنەکرد. کتوپڕ تەقە راوەستا. "ئیستا نا ئیستا دێنە سەرمان!" ماوەیەک بێ جووڵە مایەوە. گوێی هەڵخست. دەنگ نەدەهات. ئارام سەری هەڵبڕی. سێبەری هیچ جووڵەیەک نەدەبیندرا. لای کردەوە. کەس لە پشتییەوە نەمابوو. چییان لێهات؟ بجوڵێ یان نا؟ دیسان سەیری پێشەوەی خۆی کردەوە. کەس دیار نەبوو. بە سنگە خشێ خۆی لە کەندڕەکە هاویشتەوە. لەوێ بۆ ماوەیەک ئەژنۆی لە باوەش گرت و خۆی گوشی. بێ دەنگییەکی سەیر. سەری هەڵبڕی. دیسان ئاسمان، دیسان تەنیایی. لە کەندڕەکە هاتە دەر و بە سنگە خشێ بەرەو لای ئاشەکە کەوتە جووڵە. ترس تا دەهات پتر لێی دەئالا. باشە ئەوانی تر چییان لێهات؟ مابوون یان نا؟ گەیشتە ئاشەکە. چ بکا باشە. شار کە ئیتر هیچ. گوندیش کە یەکجار دوورە. چەند تۆپێک داوێنی شاخەکەی تەنیشتییەوەی هەژاند. پتر پشتی خۆی بە دیواری ئاشەکەوە نووساند. هەر لەو کاتەدا دەنگێک هاتە گوێی. دەنگی هەناسە یا خود لرخە لرخێک. هەناسەی کپ کرد. لە کوێوەیە؟ ترسی ئەوەی بێن و بیگرن تەواو لە خۆ بێ خودی کرد. بەڵام ترسناکتر لەوە ئاسمان و تەنیایی و شەو بوو. "هەر کەسێک بێت بابێت!" جوانتر گوێی هەڵخست. دەنگەکە کەمێک واوەتر لەو شوێنەوە دەهات کە لێی دانیشتبوو.

بەرەو لای کشا. سێبەرێکی راکشاو، لە پاڵ تاقەدرەختی ئاشەکەدا. لێی نزیک کەوتەوە. سێبەرەکە مڕاندی. سەگ! یەکێک لە سەگەکانی ئەو شەوە. رەنگە ئەو سەگەی بۆ دواجار سێبەرەکەی بینیبوو. سەگێکی بریندار. کە گەیشتە پەنای، سەگەکە لە مڕە کەوت و ئارام سەری خستە سەر زەوی. خۆی گەیاندە تاقەدارەکە. مەودای تاقە دار تا سەگەکە، رەنگە میترێک. دانیشت. پاڵی بە تاقەدارەکەوە دا و لە سەگەکە راما. جۆرێک لە رەوینەوەی هەستی تەنیایی و ترس. رەنگە رەوینەوەی ئاسمانیش. گوێی لێبوو، لاقی سەگەکە چەند جارێک زەوی رووشاند. وەک بڵێی ئەویش دەیەویست خۆی بەرەو لای تاقە دارەکە بکشێنێ. ئەوسا مانگ دەرکەوت... مانگ، مرۆڤێکی ژێر درەخت و سەگێک کە دوا لوورەی دەچڕاند لە بەستێنی ئاسمانی شەوانی ترس و تەنیاییدا.

2006

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## زەردەخەم

پاییــز بــوو، ســەرەتای گەڵــارێزان. کزەبایەکی سارد هەڵیکردبوو و، سەری بە هەموو کونــێک دا دەکــرد. یەکێک لەو شوێنانە هێلانە چۆلەکەیەکی دایک بوو، کە تازە بێچوەکانی لێــی جــیا ببوونەوە. هێلانەکە بە پووش و پەڕ چێ کرابوو، پووشی زەردو پەڕی جۆراوجۆر. ڕەنگــە پــەڕی ئەو چۆلەکانەی کە پشیلە خواردبوونی، یان پەڕی ئەو باڵندانەی کە لە کاتی فرینێکــی دووردا بــا بــردبوونی، یاخــود پــەڕی ئــەو مریــشکانەی کە لە کاتی سەربڕین دا وەریبوون.

هــێلانەکە زەرد بــوو. کــە ئێوارە دەهات لە بەر تیشکی زەردەپەڕ لە بن ئەو میچەدا وەک ئاڵــتون دەدرەوشــایەوە. چــۆلەکەکە دەیگــوت: "هــێلانە زووتــر پاییزی بە سەردا دێت." ئەم چــۆلەکە قاوەیی بوو، هەر بۆیە ناویان نابوو خاک. ڕەنگە ئەوی کە تا ئیستا زیندوو بوو و نەخورابوو، هەر بۆ ئەمە دەگەڕایەوە. ئەوەی لە گەڵ خاک بێتەوە بەختی مانەوەی زیاترە.

خــاک مــیوانی هەبــوو. چۆلەکەیەکــی دی کــە زۆرتر خۆڵەمێشی دەینواند لە تەنیشت هێلانەکەوە هەڵنیشتبوو. پەڕەکانی فش کردبووەو بە دەنگێکی گڕ دەدوا. خاک گوتی:

_ بەچکــەی دیکەشــم هەبووە کە جێیان هێشتووم، بەڵام نازانم بۆ ڕۆیشتنی ئەم دووانە بۆچــی ئەوەنــدە پەرۆشــم. ئێواران دێمەوەو لێرە هەڵدەنیشم، تا تاریک دادێ سەیری دوور دەکەم و بیریان لێ دەکەمەوە. بیر لە هەموو شتێکیان!

میوانەکە گوتی:

_ من لە مێژە خۆم فێر کردووە بیر لە هیچ شتێک نەکەمەوە.

خــاک وەک ئەوەی ئاگای لە قسەی چۆلەکە خۆڵەمێشییەکەنەبێ، درێژەی بە قسەکانی دا:

_ کــە هــێلکەکان تــرووکان، هێــشتا دنیا سارد بوو. بۆیە زیاتر لایان دەمامەوە. کە بۆ تێرکــردنیان هەڵــدەفڕیم زۆر دڵ نــیگەران دەبووم. ڕەنگە سەرما فێری کردووم کە بیریان لێ بکەمەوە!

میوانەکەی گوتی:

_ سەرما تەنیا بۆ ئەوان مەترسی نیە، بۆ ئێمەیشە. زستانت لە بیر نەچێ!

خاک هەناسەیەکی هەڵکێشا و کەمێک جوڵا:

_ کە کەوتنە باڵەفڕە، زۆر بە زەحمەت ڕێ کەوتن. جارێکیان پشیلە خەریک بوو یەکیان بخــوا. بــەختی هەبــوو کــە دەوەنێکی چڕ لەو دەوروبەرە بوو. جارێکی تریش ئەوی دیکەیان خەریک بوو لە ئاودا بخنکێ. ڕەنگە درەنگ هەڵفڕین فێری کردووم کە بیریان لێ بکەمەوە!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

میوانەکە گوتی:

_ ئـێمەیش ناتـوانین بــە کەیفی خۆمان هەڵفڕین.بەردەوام دەبێ ئاگامان لە لاسەرووی خۆمان بێت کە نەکا ببین بە نێچیری واشەیەک!

خاک گوتی:

_ زۆر نــازداریش بــوون. هەمــوو شــتێکیان نەدەخــوارد. ئــەوەی لــە جیکەڵدانما بایە دەیانخــوارد، بەڵــام ئــەوەی بە دەندووکمەوە بایە نەیاندەخوارد. جارێکیان لەو کرمە رەشە خۆشــانەم بــۆ هێــنانەوە. خــۆت دەزانی ئەمــە بۆ هەموو کەس دەست نادات، یان جارێکیان خواردنێکــی خۆشی مرۆڤەکانم بۆ هێنانەوە، بەڵام دەمیان لێ نەدا. هەرچی پێم گوتن بێ سود بوو، دەمیان لێ نەدا کە نەدا! رەنگە خەمی نان بێت کە فێری کردووم بیریان لێ بکەمەوە!

چۆلەکە خۆڵەمێشیەکە گوتی:

_ ئەمــە خەمــێکە کــە قــەت کۆتایــی نایــەت. تازە ئیستا لە جاران باشترە. خۆ دەبینی زبــڵەکان هــەن. زبڵی مرۆڤ بە زستانیشا هەر هەیە. رەنگە جاروبار بە ژێر بەفری قورسەوە بــن، بەڵــام گــەر چەند رۆژێک خۆمان بگرین دەتوانین بچینەوە سەریان. لەوەتەی زبڵەکان هەن خەمی نانیش کز بووە. بە رای من هەر بیریان لێ مەکەوە.

خاک سەیرێکی کرد، ئەوسا درێژەی بە قسەکانی دایەوە:

_ کــە تــەواو باڵە فرێ بوون، پێم وابوو ئیتر گرفتم نەماوە. زۆر بێ ترس هەلدەفڕین، بــەردەوام پــێکەوە یاریــان دەکرد. کە پێم دەگوتن ئاگاتان لە خۆتان بێت، پێدەکەنین. ئاخر وەک خــۆت دەزانی ئێمەومانان ئەوەندەی کە دەبێ ئاگامان لە خۆمان بێت، نابێ ئاگامان لە شتی دیکە بێت...

میوانەکە گوتی:

_ وایە، گرفتی ئێمە گرفتی مانەوەیە.

خاک سەرەداوی قسە پچڕاوەکەی خۆی گرتەوەو گوتی:

_ زۆریــان کایە دەکرد. ماندوو نەدەبوون. کە ئێوارەیان دەهاتنەوە تەواو شەکەت بوون. رەنگــە... رەنگــە خەمــی گەنجــیەتی ئــەوان و پیریی خۆم بێت کە فێریان کردووم بیریان لێ بکەمەوە!

چۆلەکە میوانەکە گوتی:

_ تا زبڵی مرۆڤ هەبێت پیریش ترسناک نیە. من کە هەر بیری لێ ناکەمەوە!

خاک گوتی:

_ هێلانەیەکــی جیرانمان هەبوو کە لە ئەویش دا دوو بەچکەی دیکە دەژیان. لەوانەی من هەنــدێک گەورەتــر بوون. بۆیە زووتر باڵیان گرت و فڕین. بەڵام پێش ئەوەی بە تەواوی باڵ بگــرن، دایکــیان بەیانــیەک وەدەرکــەوت و ئیتــر قــەت نەگەڕایــەوە. پــەڕی یەکــێک لــە بێچووەکانیــشیم لــە پــەنای ســەبەتەیەک دا ناسیەوە کە چەند دڵۆپە خوێنێک بە زەوییەوە لکاندبوونی... رەنگە خەمی مەرگ بێت کە فێری کردووم بیریان لە بکەمەوە!

میوانەکە گوتی:

_ مــن لــە زســتان و لە واشە زیاتر لە مەرگ دەترسم. ئەگەر ئەوان نەبن رەنگە مردنیش قەت نەبێت!

خــۆر تــا دەهات زیاتر رۆدەچوو. بە دەم ئاوابوونیەوە، زەردەپەڕ ئاڵتوونی تر دەبوو. هێلانەکە لە تۆپەڵە ئاگری دەکرد. خاک گوتی:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

_ هەمیشە ئەم کاتانە باسی دڵتەنگیەکانی خۆیانیان بۆ یەکتر دەکرد. نازانم بەو گەنجیەتیەیان بۆچی غەمگین دەبوون. رەنگە هی زەردەپەڕ بووبێت یان هی ماندوویی، چووزانم! یان هی شتی دیکە... رەنگە خەمی ماندوویی و دڵتەنگی بێت کە فێریان کردووم بیریان لێ بکەمەوە!

میوانەکە گوتی:

_ لە بیرت نەچێ کە بیرکردنەوە هەمیشە مرۆڤ دڵتەنگ و غەمگین دەکا. بۆیە من بڕیارم داوە قەت بیر لە هیچ شتێک نەکەمەوە. دنیا دەبێ وەک خۆی بێت و بڕوا، نەک وەک من و تۆ!

دوا تیشکەکانی زەردەپەڕ خەیک بوو لە ناو تاریکی دا نوقم دەبوون کە میوانەکە رۆیشت. کاتێ هەڵفڕی زۆر قورس جوڵا. خاک بیری کردەوە:

_ ئەوەی بیر ناکاتەوە درەنگیش دەجوڵێ.

ئەوسا دانەیەک لە بەچکەکانی خۆی بینی کە زۆر بەرز دەفڕی. بە جۆری فڕینیا زانی کە شتێک بە دەنووکیەوەیەتی. ویستی دەنگ هەلبڕێ و پێی بڵێ کە ئەم کاتانە وەختی فڕینی چۆلەکە نیە. ویستی بڵێ کە تەنیا ئەو باڵندە گۆشت خۆرانەی کە بە رۆژ لە غارەکاندا دەژین بە شەو هەڵدەفڕن. بەڵام پێش ئەوەی بتوانێ تاقە وشەیەک بدرکێنێ، چۆلەکەکە بوو بە خاڵێکی رەش لە پانتایی دوا تیشکی زەردەپەڕدا. لە بەر خۆیەوە گوتی:

_ ئاە خودایە! خەمی فڕینی شەوانەش!

2002

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# لەدەرەوەی دەرەوە

بەرەو دەرەوەی خەونەکانیان خۆیان راپێچ دەدا. وەڕەز بوون. لە هەموو شتێک وەڕەز بوون، لە منداڵییان، لە سەردەمی هەرزەکاری و گەنجیەتیان، لە زەوی لە ئاسمان، لە هەموو ئەو شتانەی کە بۆنی بیرەوەری و بۆنی عەشق و فیداکارییان لێ دەهات. کە باسی عەشق و فیداکارییان بۆ دەکرا، دەستبەجێ دەڕشانەوە. کە دەشڕشانەوە هەموو دونیا بۆنی دەگرت. هاڵاوی رشانەوە بەرەو مانگ و ئەستێرەکان هەڵدەکشاو ئەوەندەی دی دنیای دەکردە تارمایی.

خۆیان فێری لەبیرکردن دەکرد. دەیانگوت: "هەموو شتێک شیاوی لەبیرکردنە. مرۆڤ دەبێ فێر بێت کە بە بێ عەشق و فیداکاری بژی." بەردەوام لە هەوڵی لەبیرکردندا بوون. هەموو رۆژێک بۆ ئەوان دەست پێکردنەوە بوو. گرنگ نەبوو کاری ئەمڕۆ بە کۆتایی دەگا یان نا، گرنگ ئەوە بوو رۆژی دواتر چەندە لە گەڵ ئەمڕۆ جیاوازی هەبوو. نەفرەت لە رابردوو، داهاتووی پێ لە بیر کردبوون. ئەوان بەردەوام هی ئێستا بوون. رستەی کتێب تەنیا ئەو کاتە مانای هەبوو کە ئێستا دەخوێندرایەوە. کە دەگەیشتنە رستەیەکی دیکە، رستەکەی پێشوو لە بیر کرابوو. لەم لێکدابڕانەدا دنیایەکی ئەفسووناوییان دروست کردبوو، کە هیچ چەشنە تەعبیرێکی هەڵنەدەگرت. یان هەموو تەعبیرێکی هەڵدەگرت. دنیا لای ئەوان ئەوەندە ورد کرابووەوە کە هیچ سیمایەکی گشتی بەدی نەدەکرا. هەر وردێک بۆ ئەوان گشتێک بوو، یا خود هەر گشتێک وردێک بوو. دەیانگوت: "لە بیرکردن وەڕەزبوونی بە شوێنەوە نیە." نوێ، بەردەوام نوێ! ئەمە دروشمی کۆبوونەوەکانیان بوو. لە کۆبوونەوەکانیاندا هەر کەسەی قسەیەکی دەکرد. گرنگ پێکەوە گرێدان نەبوو. گەر قەرار بێت رۆژێک لە رۆژان هەموو شتێک لێکدابڕێ، بۆچی لە ئێستاوە دانەبڕێن. داخۆ مرۆڤ ئاوا ئاسوودەتر نیە؟ ئاسوودەییش لە بیرکردنەوە دێت. دەیانگوت لەوەتەی مرۆڤ پێی ناوەتە ناو رەوتێکی بە ناوی مێژووەوە، هەر لە بیری ئاسوودەییدا بووە. کەچی ئاسوودەیی ئۆقرەی لە بڕیوەو مرۆڤ بووەتە خۆراکی.

ئەگەرچی ئەوان بە لێکدابڕاوی دەژیان، بەڵام لێکدابڕاوی پێکەوەی گرێ دابوون. هەموو رۆژێک بەبێ خواست پێک دەگەیشتن و جودا دەبوونەوە. کە جودا دەبوونەوە لە بیری پێک گەیشتندا بوون، کە پێک دەگەیشتن لە بیری جودا بوونەوەدا بوون. بە هەزاران هەزار مرۆڤ ئاپۆرایان دەبەست و لە بەر یەک دەکشانەوە. ئەگەر لە دوورەوە لە ئاسمانەوە سەیری زەویت کردبا، پەڵەیەکی رەشت دەهاتە بەر چاو کە بەردەوام تۆخ و کاڵ دەبووەوە. ئەم پەڵەیە ناوی لێنرابوو ژیان. گوایا دامەزرێنەری ئەم پەڵەیە دوو مرۆڤ بوون کە بۆ جوانکاری جەستەیان لە چەند گەڵایەکی سەوز زیاتر بیریان لە هیچ نەکردووەتەوە، ئەگەرچی زەوی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئــەو هەموو بەرهەمە سروشتییەی دیکەی تێدا بووە. ڕەنگە هی ئەوە بێت کە دنیا هەمیشە بۆ مــرۆڤ بچــوک بــووە. ئەوەندە بچوک کە بە گەڵایەک بەری بە تیشکی خۆر و ڕوناکیی سەر جەستەی خۆی گرتووە.

ئــەوان لــە مێژوو و خەون بێزار بوون. لای وان تەنیا "تەنیاییەکان" بوونێکی ڕاستەقینە بوون. مێژوویان وەک چیرۆکێکی خەیاڵی دەهاتە بەرچاو. مێژوو زەردەخەنەی کیژێکی خەنی بــە جــوانی خــۆی بــوو کــە دەشــیا هــەر جارەی ئاراستەی کەسێک کراباو تۆوی عەشقێکی شێتانەی تیا چاندبا. خەونیش چیرۆکی ماندوویی مرۆڤ بوو لە خۆی. پێیان وابوو مرۆڤ و خــەون وەکــوو دەریا و ماسین. ماسی هەمیشە لە دەریادایەو بێ دەریا ناژی، کەچی قەتیش دەریا نابێ بە هی ئەو.

گەلێک گۆرانییان بۆ ئەم مەبەستانە ساز کردبوو. تێر تێریان دەخواردەوەو بە ئاوازی گا خەمــناک و گــا گــرژ باســی بێزارییەکانی خۆیانیان دەکرد. سەمای شێتانەیان دەکرد. دواتر لەوپــەڕی دڵنیایی بە باوەڕەکانیان، قوڵپی گریانێکی ترسناک بەربینگی پێ دەگرتن. ئەوسا گــریان و فرمێسک وەک گرمە و بارانی هەوری بەهاری دنیای دادەگرت. دەگریان، دەگریان... تــا ئەوپــەڕی سنوورەکانی ئێستا. گریان دەبوو بە هارمۆنیای دەنگەکان. دنیای دەتەنییەوە. وەک بــڵێی زەوی دەگــری. زەوی دەگــریا و تک تک فرمێسکەکانی دەچۆڕایە نێو بۆشاییەوە. بۆشــاییە بێ سنوورەکان فرمێسکەکانیان دەبرد. فرمێسک و بەردە ئاسمانییەکان لە سووڕی نــێو بۆشــاییەکاندا تــا بــێ کۆتایــی ڕێــیان دەکــرد. گــریان، فستیــڤاڵی ڕێزگرتن لە بیرو باوەڕەکانــیان بــوو. کــەس دڵنەوایی کەسی نەدەدایەوە. کەس ئەوی دی لە ئامێز نەدەگرت. کەس سەرنجی ئەوی دی نەدەدا. گریان مافی تەنیاکان بوو. تراژێدیای مەزنایەتییەکان بوو. دوا وێــستگەی شکــستەکان بــوو. چەندەش لەوێ هەموو شتێک بچووک دەبووەوە. بۆ ئەوان هــیچ شــتێک مــەزن نەبــوو. دەیانگــوت: "دنــیا بــۆ ئەوانــە گەورەیە کە بیر لە مەزنایەتی دەکەنەوە." دەیانگوت: "مەزنایەتی هیچ شتێک نیە جگە لە مەرگ!"

جارێکــیان یەکــیان بــە بــێ خواستی خۆی، بێ ئەوەی بیری لە کردبێتەوە، شەوێک لە شــەوەکانی ژیــان، ئــەو کات کە نیوە شەو نزیک دەبێتەوەو کزەی نەسیمێکی نیوە سارد لە هــەناوی نادیــارەوە سیماکان دەگەشێنێتەوە، دێتە حەوشەکەیان و لە پاڵ تاقە درەختی بەر پەنجەرەکــەدا ســەر هەڵــدەبڕێ و لــە ئاسمان دەڕوانێ. مانگ تازە دەرکەوتووەو قسەیەکی پێــیە.ئــەم بــۆ ماوەیەک، ڕەنگە سەعاتێک یان دووان، هەروا کش و مات لە مانگ دەڕوانێ. شــتێک لــە دەروونیــیەوە هەڵدەچێت و بێ ئۆقرەی دەکا. بێ کۆتایی دایدەگرێ و دەیەوێ بە چەنــد وشــەیەکی ئەفــسووناوی ئەبەدییەت وێنا بکا. بە پەلە دەچێتە ژوورەوە و دەنووسێ: "درەختێک، مرۆڤێک و بیری بێ کۆتایی." تا سبەی هەر لەم حاڵەتەدا دەروژوور دەکا. هەست دەکــا ئەوەنــدە پــان و بەرین بووەتەوە کە لە گەڵ هەر جوڵەیەکی هەموو دنیا دەجوڵێتەوە. ســبەی کــە چــاوی بە وانی دیکە دەکەوێ، دەڵێ: "دوێ شەو بۆ ماوەیەک خەونە نەزۆکەکان روویان تێکردمەوە." هاوڕێکەی دەڵێ: "پەرۆش مەبە! نەخۆشی قەت مرۆڤ جێ ناهێڵێ."

ئەوان ئێستا لە مێژ بوو لە دەرەوەی خەونەکانیان دەژیان، ئەوەندە کە هیچ هێمایەکیان لــێ لە بیر نەمابوو. کەچی هەر بەردەوام بەرەو دەرەوەی خەونەکانیان خۆیان راپێچ دەدا! بە بــێ ئــەوەی خــۆیان بــیانەوێ بــەردەوام بــەرەو خــەون دەگەڕانەوەو بەردەوامیش خەریکی خۆدەربازکردنبوون لێی.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێستا ئیتر هیچ چەشنە بیرەوەرییەکیان لە عەشق وفیداکاری لە زەیندا نەمابوو. ئەگەر کەسێک بە رێکەوت ئەم دوو وشەی بە زماندا هاتبا، ئەوانی دی بە سیمایەکی ساردو روانینێکی سەهۆڵ ئاسا، روانینێک لەودیوی بیرەوەرییەکانەوە لێیان دەڕوانی. وەک بڵێی بەرامبەرەکەیان بە زمانێک دەدوا کە هیچ چەشنە مانایەکی هەڵنەدەگرت.

لە سەرەتاوە کاتێک ویستیان ئەم دوو کەلیمە لە بیر بکەن، هەریەکە پێشنیارێکی هەبوو. یەک گوتی:

ـــ "هەرکەس لە ئاستی خۆی لە بیری بباتەوە."

یەکی دی گوتی:

ـــ "تەنیا بە بڕیار جێ بە جێ نابێت،"

یەکی دی گوتی:

ـــ "ماوەیەکی زۆر راهێنانی دەوێ."

یەکی تر گوتی:

ـــ "زۆر واقعیانە بۆی دەچن، ئەمانە دوو وشەی رۆمانسین، دەبێ شتی بەهێزتر بخەینە جێگایان."

هەموو بێدەنگ بوون.

ـــ "ئەی جێگرەوەکێیە، چییە؟"

یەکی دی گوتی:

ـــ "ئەگەرچی دەڵێن لە سەدەی نۆزدەوە رۆڵی پەیامبەر کۆتایی هاتووە، بەڵام ئێمە پەیامبەرێکمان پێویستە!"

مرۆڤێک کە نە تەنیا روخسارو چاوی، بەڵکو هەموو جەستەی ساردسارد بوو، گوتی:

ـــ "دەوڵەت، بەڵێ دەوڵەت! ئەمە ئەو موعجیزەیە کە لێی دەگەڕێین." دەنگێک بەرز بووەوە:

ـــ "چۆن؟ بۆمان باس بکە!"

مرۆڤە سەهۆڵینەکە گوتی:

ـــ "هەموو عەشق و فیداکاریەک بە دەسەڵات کۆتایی هاتووە. دەوڵەتیش وەک دەزانین ترۆپکی دەسەڵاتە. دەوڵەت ئەو کایینە سەیرو سەمەرەیە کە دەتوانێ هەموو شتێک لە خۆیدا جێ بکاتەوەو ئەوجا بە گوێرەی پێویست بیانهێنێتەوە ئاراوە. دەوڵەت هەنبانە بۆرینەیە. هەرکەس خاوەنی بێت دەتوانێ خاوەنی هێزی لە بیر کردن و بیرهێنانەوە بێت. کەواتە ئێمە دەبێ چاوەڕوانی پەیامبەری دەوڵەت بین. بژی پەیامبەری دەوڵەت!"

یەکی دیکەیان کە لە کاتی قسە کردندا هەمیشە سەیری ئاسمانی دەکرد، گوتی:

ـــ "چاوەڕوانی، عەشق و فیداکاری بە شوێنەوەیە."

ئەم لە وەڵامدا گوتی:

ـــ "دەمانەوێ بێ خەون بژین، بەڵام هەمیشە لە گەڵمان بووە. کەواتە دەردی ئێمە ئەوەیەکە لە خەونە کۆنەکان وەڕەز بووین، نەک لە خودی خەون. ئێمە لە عەشق و فیداکاری وەڕەزین چونکە ساڵانی ساڵە لە گەڵیا دەژین بۆ ئەوەی دەسکەوتێکمان هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو دنیا سەیرو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەمەرەیەی کە دەمانویست لێیانەوە بەدی بێت."

یەکی دیکەیان گوتی:

ـــ "مەبەستت ئەوەیە بۆ دەوڵەت بین، بەڵام بەبێ عەشق و فیداکاری؟" ئەم گوتییەوە:

ـــ "هەر خەونێک عەشق و فیداکاری دەوێ، بەڵام عەشق و فیداکاری بۆ دەوڵەت لە جۆرێکی دیکەن، چوار چنگ بە ئێستاشەوە گرێ دراوە. لە بیرتان نەچێ کە لەوە پێش ئێمە هەر بۆ داهاتوو دەمردین بەڵام دەکرێ بۆ ئێستاش بمرین."

دەنگێک:

ـــ "کەواتە مەرگەکان فراوانتر دەبن، وەک چۆن دەسکەوتەکانیش فراوانتر دەبن." یەکی دی گوتی: "مرۆڤ لە قەوارەی خەوندا هەتا بچوکتر بێت، راستەقینەترە."

غەڵبەغەڵبێکی ترسناک کەوتە ناویانەوە. ئەوەی وا لە کاتی قسەکردندا بەردەوام سەیری ئاسمانی دەکرد، لە بەر خۆیەوە گوتی:

ـــ "رێکوپێکی لە پێناو جەنجاڵدا."

ئەوسا هەر لەوکاتەدا دانەیەک لە فرمێسکەکانی بینی کە نیوەبەردو نیوەفرمێسک خەریکی سوڕی نێو بۆشاییەکان بوو.

پاییزی 2003

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# بـــا

سـەرەتای بـەهار بـوو ، زەوی بە ئاستەم تەڕ. نەرمەبایەک بە سەر خانووە یەک قات و چەند قاتەکاندا رادەخوشاو بەرەو کۆڵان و جادەکان نەوی دەبووەوەو لە شوێنێک ، رەنگە لە دارسـتانەکان ون دەبوو. "با" کە بەرەو ساردی بای دەدایەوە ، بەڵام سارد نەبوو. شتێک بوو وەک نووکی دڕک کە بە ئاستەم لە پێست دەخشێ.

چـوونە مەیـدانی یاریـیەکەوە. مـنداڵ وەشـوێن تـۆپ کـەوتن و ئەمیش دوورو نزیک چاوەدێـری دەکـردن. ئاسمان ساماڵ بوو. هەناسە هەڵکێشان ئەوەندە راحەت بوو کە مرۆڤ هـەر حـەزی دەکـرد سـەیری دوور دوور بکـا. ئەوەندە دوور کە تەنیا خەیاڵ بتوانێ بیبینێ. قـریوەی مـنداڵ دیمەنەکـەی قەرەباڵـغ کـردبوو. جارناجـار تـۆپەکەی بـۆ منداڵــەکان دەهێنایەوەو ، لە شوێنێک رادەوەستاو دەیڕوانی.

_ بابە با بڕۆین!

_ بۆ کوێ ، ئەی کایە ناکەن؟

_ بێ تاقەت بووین ، با بچینە ئەو لایەوە!

سـەری هەڵـبڕی. تازە بەو دارستانە بچووکەی دەزانی کە بە سەر تەپۆڵکەیەکی گچکەوە دەیڕوانیە مەیدانی یارییەکە.

_ با بچین!

چـوون. لــە تەنیــشتی دیکـەی دارسـتانەکەوە مەیدانێکی تری لێبوو کە بە تێل دەوری گیرابـوو. مەیدانەکـە چـیمەن بـوو و بـە دەوریـا شوێنی دانیشتنی خەڵکی. لەوێ دانیشت. منداڵــەکان یاریـیان دەکـرد. ئـەم پـشتی لە دارستانەکە بوو. بەرامبەر ، لەو بەر مەیدانەکە ریـزەخانووەیەک هەبـوو کـە دەنگـی وەڕیـنی سـەگ لە یەکێک لە حەوشەکانیەوە دەهات. هەردوودەستی کردە کۆڵەکەی سەری و چاوی نوقاند.

- بابە بابە ، بچۆ تۆپەکەمان بۆ بهێنەوە!

ئـاوڕی دایەوە. منداڵەکان ئاماژەیان بە ناو دارستانەکە دەکرد. هەستایە سەرپێ و بەرەو دارسـتانەکە رۆیـشت. دارە باڵــابەرزەکان هێـشتا سـەوز هەڵنەگەڕابوون. لقو پۆپەکان لە سـەرەوە لێک ئاڵابوون. چیلکەو چەوێڵ دارستانەکەیان قەرەباڵغ کردبوو. زەری لێرە تەڕتر بـوو. تۆپەکە لەولاوە لە بن دارێکدا بوو. نزیک و دووری تۆپەکە ، شنەبا توندتر خۆی بە ناو درەخــتەکاندا کرد. بۆشێ و گەڵای رزیوی پار و تەرمی داری گەندەڵ ، خێراتر لە لووتی ئاڵا. راوەستا. "با" لەوپەڕی سنوورەکانی " ئێستا"وە ، وێنەکانی بە پەرتو بڵاوی هێنا.

باوکـی جارێکـیان پێـی گوتـبوو: "لە قەبرستان زۆر سەر هەڵمەبڕە ، زیاتر لە بەر پێت بڕوانە!" رەنگە ئەگەر ئێستا بایە دەیپرسی: "بۆچی؟" باوکیشی رەنگە دەیگوت: "لەوێ ، مرۆڤ دەبێ زیاتر لەوەی کە دەڕوانێ بیر بکاتەوە. قەبرستان شوێنی تەنیاکانە."

بــە رێگایــەکدا ســەردەکەوت. نووکـی پاچەکـە بــەردەوام لــە رانی دەدرا. ئــەم دووری دەخــستەوە ، بەڵــام دوای ماوەیەکـی نــە زۆر درێــژ دیسان لە رانی دەخشایەوە. ئازارەکەی ئەگەرچـی سـەخت بوو ، بەڵام وەک دردی مەرگ تەحەموول دەکرا. تەنانەت جاری وابوو بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قەسـت نووکی پاچەکەی لە رانی نزیک دەخستەوە. ئازار، گەمەی لە گەڵ دەکرد. لەگەڵ هیوا هەڵکشان. بەرەوسەرتر، لە شوێنێکی چڕتری دارستانەکەدا راوەستان. لە هیوا راما. نەدەکرا لـە گـەڵ خـۆی نەیهێـنێ. کـەس لـە خـۆی نەدەگرت. منداڵێکی بێدایکو باوک، کە لەدوا بوردمانی شاردا هەر ئەو لە ناو بنەماڵەکەی رزگاری ببوو.

وەڕێ کەوتـنەوە. گەیـشتنە گۆڕەکە. بە هیوای گوت لەولاتر دانیشێ. هیوا دانیشت. دوور بـە قـەد ناسـینەوەی مەیتـێک. ئـەم داسـتی کـرد بـە هەڵـکەندنی زەوی. هـیوا چـاوی لـێهەڵـنەدەگرت. دەنگی نرکەی باوکی تازەی لە گەڵ زرمەی وێکەوتنی پاچو زەوی تێکەڵ دەبـوو. ئاسمـان هـەورو، هەوا تەڕ، کاتیش بزۆز. جارناجار لە کاتی پشووداندا سەیرێکی هـیوای دەکـرد. بەرە بەرە رۆدەچوو. لە ناو قەبرەکە شێ خەستتر بوو. هیوا گوتبووی: "ئەو شـەوە بـاوکم زۆر تـووڕە بوو. قاپە پڕ لە نیسکێنەکەی کێشا بە دایکما. دایکم تا درەنگان بە سەرودەستی ماستاوییەوە دانیشت. تەنیا من لای مامەوە."

پاچەکـە زەوی دەدڕی. جارجـارە بەر بەرێک دەکەوتو گڕی دەپژاند. "فرمێسکەکانی زۆر گـەرم بـوون، ئەوەنـدە گـەرم کاتـێک یەکـیان تکایە سەر روخسارم، چاوم هەڵهێنا. دایکم فرێسکەکەی سرێو جێگاکەی ماچ کرد."

خـاک لێـرەدا بۆشـتر بـوو. تینووی بوو. ئاوی خواردەوە. ئێستا ئیتر هەستی بە بۆنی تەرمەکـە دەکـرد. تەرمەکـە جارێکـیان گوتـبووی: "لانی کـەم بە خاتری منداڵەکان!" سەری هەڵـبڕی سـەیری هـیوای کـرد. هـیوا لـەولاوە هەروا ئارام دانیشتبوو. بێ جوڵە دەیڕوانی. چاوەکـانی گەش بوون، گەشتر لە روانینەکانی! لە بەر خۆیەوە گوتی:" نا! منداڵ نابێ تەرم ببیـنێ! تەنانـەت تەرمی..." پاڵی بە دیواری ناو قەبرەکەوە دا. سەیری ئاسمانی کرد. هەورە رەشو بـەرزەکان بـێ جوڵە دەیاننواند. هیوا گوتبووی: "دایکم بە بینینی ئێمە زیاتر گریانی دەهاتـێ. کـە چیرۆکیشی بۆ دەگێڕاینەوە زیاتر دەگریا." لە گەڵ هەڵهێنانی پاچەکەدا گوتی: "چـیرۆک لـە منداڵ بێ پەناترە!" تەرمەکەش لەدوا دیداری لە گەڵ ئەمدا گوتبووی: "ئەم شەو بـۆدواجار لە ژیانمدا پاڵ بە کۆڵەکەیەکەوە دەدەم. رەنگە ئەمە راستترین کۆڵەکە بێت." دواتر کـە رۆیـشتبوو، دووراودوور دەنگی هەڵبڕیبوو و گوتبووی: "لانی کەم بە خاتری منداڵەکان!" کەسـەرێکی قـورس دایگـرت. دەسـتی بـە ناو چاوییەوە گرت و توند گوشی. هیوا گوتبووی: "کـتوپڕ بـەیانی زوو خەبـەرم بـووەوە، بینـیم کـە دایکم لەسەر شان راکشاوەو خەوتووە. ماسـتەکە بـە روخـسارو دەستییەوە نەمابوو، بەڵام شوێنەکەی سوور هەڵگەڕابوو. باوەشم پێدا کرد و خەوتمەوە."

گەیشتە سەر تەختەبەردەکان. هەر لەو دوا دیدارەدا تەرمەکە گوتبووی: "گەر بڵێم ناترسم درۆ دەکەم. بەڵام گەیشتوومەتە سنوری خۆم یا غەیری خۆم." دوا خاکەنازی گڵی هەڵداویشتە دەرێ.هیوا: "دەمزانی دایکم بەیانی نان ناخوا بۆ ئەوەی ماستەکە بەشی ئێمە بکا."

ئەو شەوە ئەم گوێی لە تەقەی تفەنگەکان بوو. نیوەشەو، رێک لەو کاتەی کەڵەشێرەکان هێـشتا لـە گەرمـەی خـەودان، تەقـەکان بێدەنگـی شەویان شکاندبوو. ئەم نەخەوتبوو تا راچـڵەکێ. بەڵـام راچـڵەکاو گـریا. تەرمەکـە زۆر لەوە پێش رەنگە دووسێ ساڵ، گوتبووی: "شـتێک لـە نـاوەوەم جێگیر بووە. شتێکی خۆش و ترسناک! ئەوەندە هێزم پێ دەبەخشێ کە هەست دەکەم لە هیچ ناترسم. شتێک رەنگە وەک تاسە و خولیای منداڵی."

دیـسان سەری هەڵبڕییەوە. هەورەکان هەروا بەرز بوون. بیری کردەوە:" ئەو شەوەش کە پاڵـی بـە کۆڵـەکەکەوە داوە رەنگـە وەک منداڵـێک بە سەرسورمانەوە سەیری تفەنگەکانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کردبێت." ئەمەی گوت و بە چنگ دیواری قەبرەکەی رنی، بەڵام نەگریا. یەک بە یەک بەردەکانی لابرد. تەرمەکە بێ کفن، بە جلو بەرگی خەڵتانی خوێنەوە، خۆی گرمۆڵە کردبوو. تەنگیی قەبرەکە، لەشی گرمۆڵەی بزر نەدەکرد. هیوا گوتبووی: "دواتر زرمەو گرمەیەکی ترسناک دونیای داگرت. هەستام. بەڵام هیچم نەدیت. تەنیا تەپو تۆزو بەس. هاوارم لە دایکم کرد. ئا، هەر ئەوەندەم لە بیر ماوە."

لە بەر خۆیەوە گوتی: "بە روخساری سووتاوەوە مردووە، رەنگە زۆریشی هاوار نەکردبێت." ورد لە مەیتەکەی روانی، روخساری بە قوژبنی گۆڕەکەوە چەقیبوو. دەڵێی لێوەکانی شتێکیان دەمژی. کتوپڕ کڵوە گڵێک کەوتە ناو قەبرەکەوە. سەری هەڵبڕی. هیوا بوو. بیری کردەوە:" لانی کەم بە خاتری منداڵەکان!" دایە پڕمەی گریان.

***

داره باڵابەرزەکان دەڵێی لە داخی گەڵای رزیو، چیلکەو چەوێڵی بۆن گرتوو و شێی خەست، بەرەو ئاسمان کشابوون. منداڵەکان تۆپەکەیان لە دەست باوکیان رفاندو بە قریوە قریو دوور کەوتنەوە. ئارام سەری هەڵبڕیو لە ناو دارەکانەوە لە هەنگاوە بچووکەکانیانی روانی. گوێی لێبوو، سەگەکە هێشتا دەوەڕی، کەچی خانووەکانی ئەوبەر هەروا کشو مات بوون.

2003

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# نامە

لە یەکێک لە ژوورەکانی قاتی سەرەوە بوو. ژوورێکی سێ لە چوار کە توالێتێکی بە دەمەوە بوو. شەو و رۆژی چوار جار، دوو کەس لە نەخۆشخانەوە دەهاتن و یارمەتیان دەدا. هەر لە خواردنەوە بگرە تا گۆڕینی جل و بەرگ و شتی دی. عادەتی پێ گرتبوون. تریپەی پێی دەناسینەوە. دەیزانی کەی دێن و کەی دەڕۆن. ئەگەرچی تاوتوێ کردنی زەحمەت بوو، بەڵام قەت ناوچاویان لێ تاڵ نەدەکرد. میهرەبان و دڵسۆز بوون.

کوڕەکەیشی هەر لەم خانووەدا دەژیا. قاتی ژێرەوە و باقی ژوورەکانی سەرەوە هی وان بوو. بەڵام زۆری نەدەدیتن. دەرگای ژوورەکەی هەمیشە پێوەدرابوو. ئەوانەی لە خەستەخانەوە دەهاتن، دەبا هەمیشە پێوەی دەن.

ژوورەکەی بۆنێکی تایبەتی لێدەهات. بۆنی ژنێکی پیری نەخۆش بە شێرپەنجە. پیرەژنێک کە ئارەقی دەکردەوە، خۆی پیس دەکرد و زۆربەی کاتیش پەنجەرەی ژوورەکەی بە هۆی سەرمای لە رادەبەدەری سکاندیناڤیاوە داخرابوو.

جاران پێش لەوەی سەرەتان بگرێ، ئەگەرچی بە تەمەنا چووبوو، راحەت سەرەوخوار و دەرەو ژووری دەکرد. کاتی بەتاڵ، بەشێکی زۆری ئەرکی ماڵەکەی خستبووە ئەستۆی. بەڵام ئەرک نەبوو! خانووەکە گەورە بوو و لە باوکیەوە بۆی مابووەوە. بیرەوەرییەکانی باوکی و ئەو چەند ساڵە کەمەی لە کە لە گەڵ مێردەکەی لێرە بە سەری بردبوو، بە خۆیەوە مەشغوڵی دەکردن. هەموو شوێنێک سیمای باوکی و دەنگ و رەنگی مێردەکەی بوو، کە لە ناکاو رۆژێک لە رۆژەکانی زستان مردن بردبووی. سەرەتا هەستی کردبوو ناتوانێ چیدی لەم خانووەدا بژی، بەڵام دواتر زانی کە ئەم خانووە تەنیا شوێنێکە کە رۆیشتووەکان بۆ هەمیشە بە جێی ناهێڵن. مابووەوە. مابووەوەو بە درێژایی ئەو ساڵانە فێر بووبوو کە چۆن بیرەوەرییەکانی هەڵگرێ و ونیان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نـەکا. یەکـێک لەو شوێنانە سندووقێکی گچکەی دارینە بوو کە هەموو نامەکانی سەردەمی منداڵی، کاتێک باوکی بۆی نووسیبوون، تێیدا هەڵیگرتبوون.

ئەوانـەی لـە خەسـتەخانەوە دەهـاتن، رۆژانـە بـۆ چەند سەعاتێک لە سەر کورسیەک لە ژووری دانیـشتنەکە بە تەنیشت مێزێکەوە کە پڕ بوو لە کتێب و وێنە و دەفتەر و قەڵەم و شتی دیکە، بە جێـیان دەهێـشت. سـندووقە گچکەکـەش هـەر لەوێـدا بوو. لە ناو یەکێک لە ڕەفەکاندا. ئەو ڕەفەی کـە هەمیـشە ئەوکاتـەی باوکـی زیـندوو بـوو، شـمەکی وەک پاکەتـە جگـەرە و شـتی دیکـەی لـەم بابەتەی تێدەهاویشت.

یەکـێک لـەو نامانـەی کـە باوکـی بـۆی نووسـیبوو، نامەیەکـی کاتـی شـەڕ بـوو. ئەو کاتەی کە ئاڵمانیـیەکان وڵاتـیان داگیـر کـردبوو و باوکـی هەڵاتـبوو و لـە بـریتانیاوە بەشداری ئەو چالاکیانەی دەکـرد کـە بـە دژی نازیـیەکان بەڕێـوە دەچـوون. ئـەم نامەیـە لـە لای یـەکجار خۆشەویـست بـوو. نامەیەکـی یـەک لاپەڕەیـی کـە ئێـستا کـات پیـری کـردبوو. ئـەو کاتـەی ئەم نامەیەی پێ گەیشت، دوانـزە سـاڵی تەمـەن بـوو. نـازداری باوکـی بـوو. کـە نەخـۆش دەکـەوت دەبـا حەتمـەن باوکی بە دیاریـیەوە بـێت و لـە گەڵـیا بخـەوێ. باوکـی مـتمانەی پـێ دەبەخـشی. دوورکەوتـنەوەی سـاڵانی شـەڕیش لـەم هەسـتی مـتمانەیەی کـەم نەکردەوە. دەیزانی شەڕ ناتوانێ باوکی لێ بستێنێ. باوکی ئێستا بۆ ئەو قارەمانێک بوو کە لە دوورەوە لە کاتی نەخۆشیدا فریای دەکەوت!

ئـەو ڕۆژەی دکـتۆر پێـی گوتـبوو شـێرپەنجەیەتی، نەئاڵۆزکابـوو. وەک عادەتـی جاران هەستی کـردبوو مـادام کـە باوکـی بە دوورەوەیە گرنگ نیە، چاک دەبێتەوە. کەچی لە سەر ڕێی ماڵەوە بە دیتنـی تاقـە دارە پیـرەکەی نـاو حەوشـێ، کـە لـە کاتـی مردنـی باوکـیدا هێـشتا نەمامـێک بـوو، هاتـبووەوە بیـری کـە باوکی لە مێژە نەماوە. ترسێکی سەیر دایگرتبوو. ئارام بە بێ ئەوەی ئەوانی تر بزانن چووبووە ژوورەکەی خۆی و بۆ ماوەیەکی درێژ گریا بوو.

ئیتـر لـەو ڕۆژەوە هەمـوو شـتێک گـۆڕا. زۆر خێـرا داهێـزراو لـە ناو جێگادا بۆ هەمیشە کەوت. شـتێکی خـڕ لە ناو سکیا تا دەهات گەورەتر دەبوو. وەها وەک تۆپێک. نا، وەک منداڵێک، منداڵی مەرگ!

ئـەو ڕۆژەیـش کـە بـۆ شـەوەکەی مـرد، کاتـێک بـۆ دواجـار لـە ژووری دانیـشتنەکە بـە تەنـیا دایانـنابوو، نامەکـەی باوکـی خوێندبووەوە. ئـەو نامەیـەی بۆنـی دەریـا، بـا و کەشـتی لێ دەهات. نامەکـە قـەد کـرابوو. ئارام وەک هەمیشە بۆ ئەوەی هەڵنەوەرێ، کردبوویەوە. وشەکان و ڕستەکان لـە ئامێـزی باوکـی دەچـوون، ئەو کاتانەی لە ژان و لە سەرمانا هەڵدەلەرزی و لە بەستێنی گەرمیا ئارامی دەگرت:

*"کچـم! ئێـستا کـە ئـەم نامەیەت بۆ دەنووسم، لە گەڵ هاوڕێکانم لە سەر عەرشەی کەشتیەکە*

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

*دانیشتووین و قسە دەکەین. ئاسمانێکی ساماڵە و هەتاوێکی گەش و دەریایەکی ئارام. زۆرم حەز نەکرد لە گەڵیان بم، بۆیە هەستام و چووم لە گۆشەیەکەدا لە قەراخ نەردەکانەوە راوەستام. دنیا ئەوەندە جوانە کە پێم سەیرە ئێستا ئەوە بۆ دوو ساڵە لە شەڕێکی بێزراوداین.*

*دەریا بیری ئەو رۆژانەم دەخاتەوە کە پێکەوە دوانیوەڕۆیان دەچووین بۆ قەراخ دەریا. هیچ کاتێکی ئەم رۆژە دژوارانە تۆم لە بەر چاو ون نەبووە. هۆکارەکەیشی رەنگە دەریا، منداڵیی تۆ و ئەو هەتاوە بێت کە لە کاتی ئاوابووونیدا هەمیشە لێت دەپرسیم کە بۆ کوێ دەچێت. لە بیرت دێ هەمیشە حەکایەتێکم بۆ ساز دەکردی؟ جاری وا بوو دەمگوت ماندوو بووە و دەچێ دەنوێ. یان دەمگوت دەچێ خۆشەویستە ون بووەکەی لەوپەڕی دەریاکانەوە دەدۆزێتەوە. ئێستا کە لێرە راوەستاوم و لە دوور دوور دەڕوانم، هۆی راستەقینەی ئاوا بوونی هەتاوم دۆزیوەتەوە. هەتاو ئاوا نابێ، هەتاو دەبێ بە دەریا بۆ ئەوەی جارێکی دی کەشتییەکەی من بگەیەنێتەوە بە تۆ. یان رەنگە رۆژێک لە رۆژان تۆ بەگەیەنێتەوە بە من!*

*کچم! دەزانم ئێستا لە گەڵ بووکە شووشەکەت لە بەر ئەو پەنجەرەیەی کە پێکەوە لێیەوە لە دنیامان دەڕوانی، دانیشتووی و چاوەڕوانییەکانت لە گەڵ هەتاو و لە گەڵ دەریا دابەش دەکەی. دەزانم کە دەزانی جارێکی تر هەنگاوەکانی من لە پێچی کۆڵانەکەی بەر ماڵەوە دەبینیتەووە. لەوێ دەریا و هەتاو ئەم دڵنیاییە بە گوێتدا دەچپێنن و لێرە هەر ئەم دووانە من دەنێرنەوە بۆ بەر پەنجەرەکەمان.*

*زۆر جار بیر لە کاتی نەخۆشییەکانت دەکەمەوە. لە چاوە کزۆڵەکانت، کە لە ناو تاودا دەئایسان. لە جەستەی ناسک و لەرزۆکت کە لە ئامێزما گرمۆڵە دەبوو. ببورە کە ئێستا ناتوانم لە کاتی نەخۆشیدا لە ئامێزت گرم! بەڵام تا بۆت دەکرێ و دەتوانی هەوڵ بدە نەخۆش نەکەوی. لانی کەم تا من دێمەوە!*

*جاری وایە کتوپڕ ئامێزم زیاتر لە هەر کاتی دی وەڕەزیت دەکا. لەم کاتانەدا شتێک پێم دەڵێ کە دیسان نەخۆش کەوتوویتەوە. بێ ئۆقرە دەبم. دێم. دەڕۆم. بەڵام دادم نادا. بۆیە گوڵم تکایە لە کاتی نەخۆشیدا با من لە هەر کاتێکی دی زیاتر لە خەیاڵتدا بم. لە خەیاڵتدا با لە ئامێزمدا بیت. خەیاڵێکی وا وەک راستی، وەک جاران.*

*ئۆو! ببورە هاورێکانم بانگم دەکەن، دەبێ بڕۆم، بەڵام دڵنیا بە کە نامەی ترت بۆ دەنووسمەوە. ئاگات لە خۆت بێت پەپوولە رەنگینەکەم!"*

باوکت 19.7.1943

ئەو شەوە زیاتر لە هەر کاتێکی دی لە ئامێزی باوکیا بوو. سەری سپی و لەشی وێکهاتوو و وشکی کۆ دەکردەوەو بۆ یەکەم جار دوای ئەو هەمووو سالە بۆنی ژێر مل و کاکۆڵەکانی باوکی دیسان هەڵمژییەوە.

هاوینی 2006

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ماڵئاوا

چەنـد رۆژ بـوو لەگـەڵ منداڵــەکەی دەچووە باغچەی منداڵان. بەرێوەبەرەکە گوتبووی: چەنـد رۆژێـک لەگەڵـیا بمێـنەو تـا رادێـت. ئـەویش لە سووچێکی ئەو حەوشە گەورەیە دادەنیشت و سەیری گەمەی منداڵانی دەکرد. منداڵەکان لەو تەمەنە زۆر بچوکەوە فێر دەکران کـە بـە بـێ دایـک و بـاوک بژین. هەندێکیان بە کۆمەڵ و هەندێکیان بە تەنیا یاریان دەکرد. تەنـیاکان زۆرتـر بـە خاکـەوە سەرقاڵ بوون، ئەوەندە لێی رادەمان دەڵێی خاک شتێکی لە خـۆیدا حەشـاردابوو. چەنــدە ئەمیش لەو سووچە تەریکەدا لە دیمەنی ئەو منداڵانەو خاک رادەما.

سێهەم رۆژ بەرێوەبەرەکە گوتی:

ـــ "سبەی لە گەڵیا مەمێنەوە، ئیتر دەبێ بە تەواوی رابێت. جگە لەوە وەرەقەی کوتانی منداڵەکەمان سبەی بۆ بێنە."

سـبەی بـە بـێ خواحافیـزی لە منداڵەکە رۆیشت. پێی وابوو وا باشترە. چوو بۆ بەشی تەندروسـتیی بیمارسـتان، لاپەرەیەکـی لــە سەر کوتانی منداڵەکە وەرگرت و گەرایەوە. کە چـووەوە بـۆ باخچەکە منداڵەکەی خۆی بینی کە لە ناو دوو مامۆستادا دانیشتبوو. منداڵەکە بـەرەوپیری رایکـرد و خـۆی لــە قاچـی ئاڵــاند. لێــی جـیا نەدەبـووەوە. کاغەزەکـەی بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەڕێوەبەرەکە دا و ویستی بڕوا. منداڵەکەی لە ئامێز گرت و ماچی کرد. گوتی:

ـــ "بڕۆ یاری بکە!"

بەڵام منداڵەکە بە پێچەوانەی دوو ڕۆژی پێشوو لێی جیا نەدەبووەوە. بەڕێوەبەرەکە پێی گوت:

ـــ "کە ئەمجارە ڕۆیشتی دەبێ خواحافیزی لێ بکەیت. بەیانی زۆر نیگەران بوو، بەردەوام سەیری ئەم لاولای خۆی دەکرد، بۆت دەگەڕا. ئەو دەبێ لەوە دڵنیا بێت کە تۆ لێرە نابیت."

ماوەیەک منداڵەکەی سوار پاسکیل کردو بە حەوشەکەدا گێڕای. منداڵەکە زیاتر لە هەر کاتێکی دی بە سەرسامییەوە سەیری باوکی دەکرد. پاش ماوەیەک یەکێک لە مامۆستاکان هات، گوتی:

ـــ "ئێستا ئیتر دەتوانی بڕۆی، تەنیا بڵێ خواحافیز!"

منداڵەکە باوەشی بە قاچیا کرد. مامۆستاکە دانەوی و لە ئامێزی گرت. ئەویش ڕۆیشت. لە باخچەکە وەدەرکەوت و ئارام ئارام دوور کەوتەوە. تا مەودایەکی نە زۆر نزیکیش هەر دەنگی گریانی منداڵەکە دەهات. چەند ساڵ دواتر بوو کە ژنەکەی گوتبووی:

ـــ "دوای ئەو گریانە بەکوڵە، ماوەیەکی درێژ خەوی لێ کەوتبوو."

کە گەیشتە ئەو سێ ڕێیانەی کە بە سەر باخچەکەدا دیروانی، ڕاوەستاو ئاوڕێکی دایەوە. تەنیا بیناکە دیار بوو، جیهانی منداڵان وەک هەر جیهانێکی تر لەم دونیایەدا بە بزری درێژەی بە ژیانی خۆی دەدا. کتوپڕ لە تەنیشت خۆی دا هەستی بە شتێک کرد. ئاوری دایەوە. لە حەوشەیماڵەکەی تەنیشتی دا لە سەر کورسیەکی چەرخ دار پیرەژنێکی گەلێک بە ساڵداچووی بینی. بێ جوڵە لەمی دەڕوانی. ئەمیش بۆ ساتێک لێی ڕاما. هەستی کرد دیسان گوێی لە گریانی منداڵەکەیەتی.

ئەو ڕۆژەی کە بە یەکجاری لە ماڵ وەدەرکەوت، ئێوارەیەکی درەنگان بوو، ئێوارەیەک کە بۆنی چایی و زەردەپەری دەدا. دوای ئەوەی کە پێیان گوت، ئارام و لە سەرەخۆ جل و بەرگی لە بەر کردبوو. بۆ دواجار لە بەر پەنجەرەکەدا ڕاوەستابوو سەیری ئەو دیمەنەی کردبوو کە بە درێژایی ئەو ساڵانە مانای بە ژوورەکەو بە ئەو بەخشیبوو. دواتر سەیری ناو ژوورەکەو... سەیری ئەنکی کە دوا کاتەکانی ژیانی بە زەلیلی و داماوی لە ناو جێگاو باندا تێدەپەڕاند. لە کۆتاییدا سەیری ئەو حەوش و پێ پلیکانانەی کە زیاتر لە هەر شوێنێکی دی تامی ئێوارانیان دەدا. کە لە دەرگا وەدەرکەوت دایکی بینی لە سەر قادرمەکان دایشتبوو، باوکیشی لەولاوە لە گەڵ باخچەکە خەریک بوو. سەرنجی هەردووکیان لە سەر ئەو خاکە بوو کە بەدەم پێمەرەکەوە تلی دەدا. دەڵێی ئەو خاکە شتێکی لە خۆیدا حەشار دابوو. هیچیان لەمیان نەڕوانی. دواتر ئیتر هەموو شتێک زۆر خێرا تێپەڕی. پێش ئەوەی بە یەکجاری دەرگای حەوشە دابخا، سەیرێکی ئەو دیمەنەی کردەوە، ڕەنگە دڵنیا لەوەی کە کە هەر لە ئێستاوە دەبێ بە ڕابردوویەکی گەلێک دوور.

بە بێ ماڵئاوایی ڕۆیشت... بە بێ هیچ لە ئامێز گرتن و بیستنی دەنگی گریانێکی دوور. دیسان سەیرێکی باخچەی منداڵانی کردەوە. لە بەر خۆیەوە گوتی:

ـــ "ماڵئاوا، خواحافیز!"

ئەوسا دەستی بەرز کردەوەو بۆ شتێکی نادیاری ڕاوەشاند.

2002

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# گۆرانی

هەموو رۆژێک دیتە ئەو شوێنە. ئارام و لە سەرەخۆ بارگەوبنە دەکاتەوە. سەرەتا جانتاکەی دادەنێ، ئەوسا پەرداخیک دەردێنێ و لە بەر دەم خۆی تەنها چەند بستێک لەولاترەوە دایدەنێ. دوای ئەوەی کە جل و بەرگەکەی بۆ دواجار بە سەر دەکاتەوە، سازەکەی بە دەستەوە دەگرێ. هەوا ساردە. ئەوەندە ساردە کە کۆترەکان بە زەحمەت لە سەر شەقام و شۆستەکان هەلدەفڕن. تەمەنی لە پەنجادایە و بنەردێنێکی سپی بە سەر روخساریەوەیە. دوای ئەوەی هەندێک لە دەوروبەری خۆی و لەو خەڵکە دەروانێ کە بە پەلە دێن و دەچن، پەنچە بە سەر ژێیەکاندا دێنێ. لەو هەوا ساردەدا نۆتەکان وەک کۆترەکان بە زەحمەت هەڵدەفڕن. بەڵام ئەو هەر دەژەنێ و ئەوجار ئیتر سەیری کەس ناکات. ئاهەنگەکانی ئارامن. بە سەر کاتەکانەوە تا درەنگان دێن و دەچن.

جاران کە گۆرانیشی دەگوت پەرداخەکە پڕ دەبوو، بەڵام ئێستا تەنیا مۆسیقا دەژەنێ. لەوکاتەوە هاوسەرەکەی مردووە گۆرانی ناڵێ. دەنگی بۆ گۆرانی دەرنایەت. بۆخۆی دەڵێ: " گەرو زووتر لە پەنجەکان دەمرێ".

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێستا نە تەنیا پەرداخەکە پڕ نابێ، بەڵکو بۆ ئەو هێندە پارەیەش دەبێ ماوەیەکی درێژتر بژەنێ. دەژەنێ و بیر لە پەرداخ و خەڵک و جاران دەکاتەوە. ڕەنگە بیر لە تەنیایی خۆیشی لە ژوورێکی شەوانەدا.

لە ناوەڕاستی ژەندنەکەیدا دەست بە نایلۆنێکی ناو گیرفانی دا دەکا و مشتێک گەنم بۆ ئەو کۆترانە ڕۆ دەکا کە بە دەوروبەریەوە لە هات و چۆدان. کۆترەکان تیک دەورووکێن. شان لە شانی یەکتر دەکوتن. پاش ماوەیەکی سەر هەڵدبڕنەوە، بەڵام پیرەمێردەکە خەریکی ژەنینە. چاوی لە کۆترەکان نیە.

دانەیەک لە کۆترەکان هەموو ڕۆژێک لەولاوە لە سەر تێلی دەوری سەکۆیەک هەڵدەنیشێ و سەیری ئەو دیمەنە دەکا. ئەو کۆترە قەت بەرەو مشتە گەنمەکە هەڵنەفڕی. لەو سەرمایەدا هەڵدەکورماو سەیری پیرەمێردی مۆسیقا ژەنی دەکرد. لەوێ دەمایەوە تا پیرەمێردەکە دەڕۆیشت. دواتر بەرەو قاتی هەرە سەرەوەی ئاپارتمانەکەی بەرامبەری هەڵدەفڕی.

سەرئەنجام ڕۆژێک پیرەمیردەکە کۆترەکەی بینی. لەو ڕۆژەوە ئەو کۆترەی بینی، تەزوویەک بە جەستەیدا گەڕا. ئیستا ئیتر بە دڵگەرمیەکی سەیرەوە سازەکەی لێدەدا. لێی دەدا و بەردەوام بە بزەوە لە کۆترەکەی دەڕوانی. مانگ هات و ڕۆیشت، ببوونە دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی. ڕۆژێکیان پیرەمێردەکە نەخۆش کەوت و نەهات. بۆ چەند ڕۆژی دواتریش هەر نەهات. کۆترەکە هەموو ڕۆژێک لەو کاتەدا دەچووە سەر تێلی دەوری سەر سەکۆکە هەڵدەنیشت و چاوەڕێی پیرەمێردەکەی دەکرد. سەرئەنجام پیرەمێردەکە هەرچۆنێک بوو هەستاو بەرەو شوێنی هەموو ڕۆژەی چووەوە. تا توانی بە پەلە ڕۆیشت. لە دووررەوە کۆترەکەی بیبی. بزەیەک نیشتە سەر لێوی. چووەوە شوێنی خۆی. بە بێ ئەوەی جانتا بکاتەوە و پەرداخەکە دابنێ، دەستی کرد بە ژەنین. ئەوسا بۆ یەکەم جار دوای مەرگێکی کتوپڕ دەنگی هەڵبڕی و گۆرانی چڕی:" تەنیا لە بەر تۆ ئەی کۆترەکەم...!"

**2002**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ئاو

ئاوایییەکەی ئەو بەر چۆمی کە لە بنار کێوێکی بڵێندا بوو، هەروا دەسووتا. دووکەڵی رەش و سپی پێچ و لوولی دەخوارد، لە ئاسمان دەئاڵا و لە هەندێ شوێن وەک مژ لە دارو دەوەن دەنیشت. شەڕ تەواو ببوو. نە لە ئاوایی و نە لە چیاکانی دەوروبەر تاقە مرۆڤێک چیە نەمابوو. دنیا کپ. تەنیا جارجارە دەنگی زرمەیەکی ترسناک دەشت و دەری دەلەراندەوە و، ریچکەی گڕ و دووکەڵەکانی سەر ماڵانی بە ئاستەم دەشێواند. تەرمی مرۆڤ و کەلاکی ئاژەڵ لە ناو ئاوایی و دەوروبەر و لە چیاکان کەوتبوون. لاشەکان تازە بوون. هێشتا بۆنیان نەگرتبوو. مەرگ مابووی پیر بێت. ئەگەرچی دەنگی تەقینەوەی تۆپ سیسارکەکانی دەتاراند، بەڵام مێش و مێروولەکان بێ غەم بوون. دەنگی گەورە بۆ شتی زۆر بچوک ترسناک نیە!

رێک لەو کۆڵانەی ئاوایی دا کە بەرەو چۆمەکە دەڕۆیشت، لە نزیک ئاخر ماڵ لە سووچی دیوارێک، کەرێک هیشتا زیندوو بوو. جۆگەلە خوێنێکی خەست و تۆخ لە پاشەڵیەوە دەرژایە سەر زەوی. هەناسەبڕکێی بوو. تەرمە تۆزێک سەراسەری جەستەی داپۆشیبوو. بە هەر زرمەیەک رادەچڵکی. رانەدەهات. زۆری تینوو بوو. جارجارە ئاوڕێکی دەدایەوەو سەیری چۆمە بە گرمە و لرفەکەی خوار ئاوایی دەکرد. ئاوێکی روونی کەف ئاسا، دەخرۆشا و پریشکی دەهاویشت. لەم وەرزەی ساڵ چۆم گەلێک جوان و بە هەیبەتە، ئەوەندە جوان کە مرۆڤ بەهاری لە بیر دەچێتەوە! زۆری هەوڵ دابوو هەستێ، بەڵام قاچەکانی دوواوە یارمەتیان نەدەدا. سەرئەژنۆکانی بریندار ببوون، ئەوەندە بریندار کە خۆلی بەردەمی لێرەو لەوێ سوور هەڵگەڕابوو.

خۆر بەرەو پشتی شاخە بەرزەکە نەوی ببووەوەو نسێیەکی فێنک دۆڵەکەی لە باوەش دەگرت. کەرەکە چەند جار سەری هەڵبڕی وسەیری چۆمەکەی کرد. ئەوسا بۆ یەکەم جار بە تەواوی سەری خستە سەر زەوی. کتوپڕ چاوی بە شتێک کەوت کە لەوسەر کۆڵانەکە بە ئاستەم دەجوڵا. ئاوی قەتیس ماوی ناو چاوی کە هێشتا بە شوێن فرمێسکەکانی دیکەدا نەڕۆیشتبوو، روانینی لێڵ دەکرد. چەند جار چاوی تروکاند و بۆ جارێکی تر تەزوو و لەرزەیەکی سەیر بە هەموو ماسوولکەکانی لەشیدا گەڕا. هەرچۆنێک بوو سەری هەڵبرییەوەو جوانتر لێی راما. شتێک بوو وەک مرۆڤ کە تا ناو قەدی دیار بوو. وەک بڵێی دوو قاچەکەی لەودیو دیوارەکەوە بە جێ مابن. مرۆڤەکە سەری تۆزاوی هەڵبڕی و سەیری ئەمی کرد. نیگایان لێک ئاڵا. کات، چەند تێپەڕی دیار نیە. کە ئەمجار سەری هەڵبرییەوە، مرۆڤەکەی بیبنی کە چەند هەنگاوێک لەولاتری ئەوەوەیە. رێچکە خوینێک لەوسەرەوە تا نزیک مرۆڤەکە هاتبوو. کەرەکە دیسان سەیرێکی چۆمەکەی کردەوەو ئەوسا ئاوڕی دایەوە. مرۆڤەکە بە هەنسکە هەنسک و زەحمەتێکی زۆر بەرەو لای ئەو خۆی دەکوتا. دیسان نیگایان لێک ئاڵا. مرۆڤەکە شتێکی گوت و ئەمیش بۆ یەکەم جار پرماندی. کاتێک مرۆڤەکە کشایە سەر پشتی، خانووەکانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پشتەوەی ئاوایی بە یەکجاری ڕەش هەڵگەڕابوون. توند باوەشی بە ملی کەرەکەدا کرد و گوتی:
"هەچچە...، توونیمە!" ئەوسا تا هێزی تیا مابوو خۆی پێوە گوشی.

دۆڵەکە تا دەهات تاریکتر دەبوو. مرۆڤەکە بە ئەسپایی لە ژێر لێوەوە شتێکی دووپات دەکردەوەو کەرەکەش بە چاوی لێڵەوە سەیری ئەوسەری کۆڵانی دەکرد. ئاوی چۆمەکە هەروا بە گرمە و لرفە سەرەوخوار دەبووەوەو بەرەو شوێنێکی نادیار دەڕۆیشت. کاتێک دوا تۆپ لە سەر شاخە بەرزەکەی دا و جارێکی دی دنیای هەژاند، لە مێژ بوو شەو باڵی بە سەر ئاوایی دا کێشابوو.

هاوینی 2002

info@qelem.com
The Iranian Kurdistan Association Of Pen

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com